# ڕاڤەکردنی تاوانەکانی زمان لە چێوەی پەیپێبردنە زمانییە_دادوەرییەکاندا


د. ئاڤێستا کەمال مەحموود
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان
بەشی کوردی


**پێشەکی :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بواری زانستی زمانی دەروونیی Psycholinguistics و زانستی زمانی دادوەریانەدایە Forensic linguistics و هەوڵدەدەین لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو ئامراز و کەرەستانەی زانستی زمانی دەروونیی پێشکەشی دەکات وەك زانستێکی یاریدەدەر بە زانستی زمانی دادوەری بخەینەبەردەست ، کە یارمەتی لێکۆڵەرەوان و دادوەرەکان دەدات لە دەستنیشانکردنی تاوانباراندا ،چونکە ئەم چەشنە لێکۆڵینەوانە خۆیخەریکدەکات بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکان لە ڕوانگەی زانستی بە تایبەت لەو ڕوانگەیەوە ، کە هەر کەرەستەیەکی زمانیی بیرێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە و خودی ئەم بیرانەشە هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکانن ، کە دادگاکان پێوەی سەرقاڵن و دەیانەوێت بزانن بکەری ڕاستەقینە و هزری ئەنجامدەری تاوانەکان کێن ئەمەش هەمووی بەمەبەستی باشترکردنی ژیان و جێبەجێکردنی یاساو دادپەروەری .

لە ڕاستیدا زانستی زمانی دادوەری سەرجەمی کارەکانی لە ڕوانگەی دوو پرسیاری سەرەکییەوە تێبینییەکانی دەربارەی زمان سەر ڕێدەخات ، کە ئەوانیش بریتین لە :

١. ئایا خودی ئەو تاوانانە چین ، کە زمان وەك بکەری سەرەکی پێیهەڵدەستێت ؟

٢. ئایا کەرەستە زمانییەکان چۆن دەتوانن تاوانەکان بەیانبکەن و ڕاستییەکانمان جارێکی تر بۆبگێڕنەوە؟

بۆ کارکردن لەسەر ئەم لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە چەندین پرسیار و تێبینی دیکە پێویستە هەربۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر دوو پاردا پێشکەشدەکەین :

١. زانستی زمانی دادوەرییانە ( چەمك و تێڕوانین)،

٢. تاوانەکانی زمان

لێرەشەوە زانستی زمانی دەروونیی لەم بارەدا ئامراز و شیکردنەوەکانی خۆی دەخاتە بەردەست زانستی زمانی دادوەری ئەمەش بە مەبەستی شیکردنەوەی زمان و گێڕانەوەی ئاخاوتنەکان بۆ ئەو بیرانەی ، کە هەڵیانگرتووە هەروەها دەرخستنی بڕی تێگەیشتنی کەسی لەسەر تاوانەکان بەواتایەکی تر زانستی زمانی دەروونیی لەسەر کردە قسەییەکان دەوستێت و دەیانبەستێتەوە بە ئاوەزداری و چۆنێتی بیرکردنەوەی تاوانبارانەوە، چونکە لەم ڕێگایە هەم دەتوانین لە هزری تاوانبار بگەین و ئەو ڕێگایانەش بدۆزێتەوە ، کە تاوانەکانی پێئەنجامدراوە هەم دەشتوانێت بۆشایی نێو ئاخاوتنی تاوانباران دیاریبکرێت بەمەش دەبەسترێنەوە بە زنجیرەی هزری لۆژیکیانە ، کە دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە .

**١) زانستی زمانی دادوەریی ( چەمك و تێڕوانین)**

زانستی زمانی دادوەریی خۆی لە جێبەجێکردنی زمان بەسەر بابەتە یاساییەکاندا دەبینێتەوە و لێرەدا مەبەست لە ( جێبەجێکردن زمان ) خستنەکاری زانستی زمانە لە ڕێگەی کۆزانیارییە زمانییەکانەوە بۆ لێکدانەوەی هەموو داتا یاسایی و بەڵگەکانە لە بوارە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا و بە تایبەت لە کۆبوونەوە یاساییەکاندا ئەمیش بەمەبەستی گەیشتن بە وردەکاری لە لێکۆڵینەوەکاندا .

بە شێوەیەکی گشتی (٢٠٠٦:٥)Olsson ئەم کایەیە دوو ڕەهەندی بۆ دەستنیشاندەکات ، کە بریتین لە :

I. ئەم بوارە خۆی بۆ کەیسە یاساییەکان و پێواژۆکانیان تەرخاندەکات ،

II. خۆی پەیوەست دەکات بە بارودۆخە تایبەتەکانی ناو کردە یاساییەکان ئەمەش هەموو ئەو بارودۆخانە دەگەیەنێت کە لە نێوان لایەنەکانی کردە یاساییەکاندا هەیە ( مەبەست کەسەکان و بارە تایبەتییەکانی بارودۆخەکانی کەیسەکانیانە)

لە لایەکی ترەوە کەیسە یاساییەکان و ئەو ڕۆتینانەی پێیدا تێدەپەڕن لە سێ قۆناغی سەرەکیدا کۆدەبنەوە ، کە ئەوانیش قۆناغەکانی(لێکۆڵینەوە Investigation Stage، دادگایکردن Trail Stage ، بەدواداچوونەوە Appeal Stage)ن .

ئەم زانستە وەك پێویستییەکی ناچاری لە بواری یاسادا دەردەکەوێت چونکە خەڵکی ئاسایی ، کە شارەزاییان نییە لە بواری یاساییدا بە باشی لە ماف و ئەرکە یاساییەکانی خۆیان تێناگەن و ئاشنا نین پێی بەڵکو لەوەش زیاتر ئەوەیە ، کە ئەو کەسانەی بە تاوانێك تاوانباردەکرێن ناتوانن لە پێواژۆکاری یاسایی و زاراوەکانی تێبگەن هەربۆیە ئەم زانستە وەك ڕێنوێنەریکەرێك کارەکەی جێبەجێدەکات و ڕێگە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی یاساییانەی پوخت خۆشدەکات هەربۆیە (١٩٦٨)Svartrik دەڵێت " ئەم زانستە پێویستە لەبەرئەوەی خەڵك :

١. بە خێرایی قسەدەکەن و پێویستە لەسەر قسەکانیان بوەستین بە تایبەت ئەو قسانەی پەیوەستە بە بارێکی یاساییەوە .

٢. زۆر بابەتی گرنگ هەیە لە بوارەکەدا بەهۆی تێنەگەیشتنەوە تێدەپەڕێنرێت،

٣. گومانی بێبەڵگە لەبەر ئاشنا نەبوون بە زمانی یاسایی دروستدەبێت،

٤. شارەزانەبوون لە زاراوە یاساییەکان و شینەکردنەوەی ئاخاوتنی ناو هۆڵی دادگایکردن وا دەکات کەسە پەیوەنددارەکان بەردەوام لە بازنەیەکی بۆشدا بە بێهودەی بسوڕێنەوە ".

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین زانستی زمانی دادوەری هەڵدەستێت بە پێکەڵکردنی کۆزانیاری زانستی زمان لەگەڵ (دەوروبەری تاوانکردن ، لێکۆڵینەوە لە تاوان و یاسای باری شارستانیەتی...هتد) و هەوڵدەدات لە یاسا نوسراوەکان تێبگات لە ڕوانگەی ئاڵۆزبوون و بنەڕەتیبوونی زمانەوەلەم بوارەدا ، هەروەها لەو زمانە دەکۆڵێتەوە ، کە لە ئیجرائاتە یاساییەکاندا بەکار هاتووە لە هەموو قۆناغەکانی دادگایکردندا هەر لە سەرەتای گرتنەوە بۆ خستنە بەرچاوی بەڵگەکان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە تاوەکو کاتی حوکمکردن و هەندێکجاریش دوای حوکمکردنیش دەگرێتەوە ئەویش لە ڕێگەی سەرلەنوێ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنەوەی بەڵگەکان و حوکمەکەوە دەبێت .

لە ساڵی (١٩٦٨)دا زاراوەی زانستی زمانی دادوەری یەکەمجار لەلایەن زمانەوان( Jan Svartvik ) ەوە بەکارهێنراوە لە کتێبەکەیدا بەناوی ( هەڵوێستەکانی ئێگاس : کەیسێك بۆ زمانەوانی یاسای) هەروەها لە ساڵی

(١٩٨٨) بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی تاوانکردنی فیدراڵ (BKA)ی ئەڵمانی کۆنفرانسێکی بە ناوی زمانەوانی لێکۆڵینەوەی یاسای ( دادوەری ) گرت و لە ساڵانی (١٩٨٠)ەوە یەکەیەك بۆ ئەم لایەنە هەبووە لەم بەڕێوەبەرایەتییەدا.

لە ساڵی ( ١٩٨٩) دا کۆنفرانسێکی تر بۆ هەمان بابەت کرا ، کە Lothar Michel لە زانکۆی منهیم Mannheim University لە ئەڵمانیا گرتبووی ، پاشان لە ساڵانی (١٩٩٠ و ١٩٩١) دا کۆنفرانسێك لە (York)لەسەر بابەتی فۆنەتیکی دادوەری و زمانەوانی لە لایەن (Peter French) سازدرا هەروەها لە ساڵانی (١٩٩٠ ،١٩٩١ ، ١٩٩٢) و دواتردا نێوەندی ئەڵمانی بۆ زمانەوانی کارەکیی چەندین گروپی دروستکرد بۆ دانانی پرۆگرامەکانی ئەم بابەتە ، لە ١٩٩٢ دا سیمینارێك سازدرا بە بەشداری ( زانکۆی بیرمنگهام ، برازیل ، ئوستڕالیا ، ارلندا ، هولندا ، گریك ، ئەڵمانیا ، ئۆکرانیا و بەریتانیا ) لەمەشەوە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ زمانەوانی دادوەری دامەزرا بە ناوی دامەزراوەی زانستی زمانی دادوەری نێودەوڵەتی (International Association of Forensic Linguistics)،کەکورتکراوەکەی (IAFL) ە.

بەم پێیە زانستی زمانی دادوەری لقێکە لەو لێکۆڵینەوانەی ، کە لە دەقە یاساییەکانی تاوانەکان دەکۆڵنەوە بۆ نموونە ئەم زانستە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە مامەڵکردن لەگەڵ ئەو تێبینی و ئاخاوتنانەی ، کە کەسەکان لە دەوروبەری دەقێك دەریدەبڕن وەك لە نامەی خۆکوژیدا ، کە کەسی خۆکوژ چەندین ناوەڕۆك و بابەت دەربارەی خۆکوشتنەکەی لە نامەیەکدا بەجێدەهێڵێت و ئەمانەش لە ڕێگەی ( فۆنۆلۆژی / ئۆرسۆگرافی ، واتا ، پراگماتیك و شیکردنەوەی دەقەوە ..هتد) شیدەکرێنەوە و دەبن بە بەشێك لە پڕۆسەی لێکۆڵینەوەی یاسایی و گەیشتن بە ڕاستی و ڕاستەقینەی تاوانەکە .

یاسا(کۆدڕێژکراوە) هەر بە هەمان ئەو شێوەیەی زمان بریتییە لە کۆد ، بەڵام گەیاندنی یاساکان دەبێت لە ڕێگەی کۆدی تایبەت و گشتی زمانەوە بێت ئەمەش بەو واتایە دێت ، کە زمانی یاسا دوو چەشن ( هێما) ی بۆ بەکاردێت یەکەمیان هێمای یاساییە ، کە خۆی لە بیری یاسا و دەقە یاساییەکاندا دەبینێتەوە دووهەمیشیان بریتییە لە ئەو کۆدە زمانیانەی ، کە توانای هەڵگرتن و بە جفرەکردنی یاسا و دەقە یاساییەکانیان هەیە ، ئەم هۆکارە بەشێکە لە گرفتی ئاڵۆزبوونی زمانی یاسا و وادەکات ، کە زمانیی (یاسایی و دادوەریی) لێتێگەیشتن و بەکارهێنانی لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە گرانبێت(١٩٩٣) Shuy دەڵێت " تەنها فیزیکستەکان ئەوانەی تایبەتمەندی پزیشکی چارەسەریان هەیە دەتوانن لە تیشکی X تێبگەن هەرچەندە خەڵکی ئاسایش دەتوانن ببینن بەڵام ناتوانن لێیتێبگەن و گرفتەکە دیاریبکەن بەهەمانشێوەش یاساکان و تاوانەکان خەڵکی ئاسای دەیانبیستن و ڕەنگە ڕووکەشیانەش لێکیانبدەنەوە بەڵام ئەوە تایبەتمەندی زانستی زمانی دادوەریانەیە دەتوانێت یاسا کۆدڕێژکراوەکان ، کە لە نێوەندی بیر و کۆدەکاندان لێکبدەنەوە بە واتایەکی تر ، ئەگەر زمان نەبێت ئەوا یاسا نییە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زمانی یاسا تەواو جیاوازە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە "

لێرەوە دەتوانین چەند پێناسەیەکی گرنگی ئەم چەشنەی زانستی زمان بخەینەڕوو لەوانە :

١. Sudjana.E(٢٠١٣:٢١٧) دەڵێت:"هەموو دەقێك یاساییە ئەوکاتەی پەیکاڵدەبێت لەگەڵ یاسا و دەوروبەرێکی تاوانیدا ، ئەو تێکستە دەشێت (نامەیەك ، کتێبێك ، وتارێك، پەیماننامەیەك ، نوسراوێك ، گریمانەیەك ) بێت بەنزیکی هەموو شتێك بێت ، کە لە ڕێگەی زمانەوە جێبەجێدەکرێت" .

٢. تێكستی یاسای لە پێڕەوی یاسادا وەك بابەت و مەبەستێكی یاسایی بەكاردێت واتە خودی تێكستەكە و زمانەكەی بەشێكن لە پرۆسەی دادگاییكردن ، (٢٠١٠:٧٨) Coulthard دەڵێت " تێكستی یاسایی دەشێت مەبەستێكی پڕ زانیاری بێت وەك ئەوەی لێكۆڵەرانی یاسایی و پەیوەندیكردن دەیبینن ، هەروەها ڕێگەی ناردن و پەیوەندیكردنە لە نێوان پارێزەر و تاوانباردا ( تۆمەتبار) لە هەمانكاتیشدا بەكاردەهێنرێت وەك بەڵگەنامە لە پرۆسە یاساییەكاندا ".

٣. (٢٠٠٢:٩٢) Mc Menamin دەڵێت : " واتاسازی دادوەری چەشنە لێكدانەوە و شیكردنەوەیەكی ( وشە ، فرێز ، ڕستە و تێكست ) تەمومژی تێكست و یاساییە هەروەها لێكدانەوەی واتای وتراوە لە گوتارەكاندا ) .

٤. (٢٠٠٥:٥) Leonard, R.A پێناسەی ئەم زانستەدەكات بەوەی " جێبەجێكردنی بنەماكانی لێكدانەوەی زمانە لە كاروباری یاساییدا و زانستی زمانی دادوەری وەڵامی ئەو پرسیارە یاساییانە دەداتەوە ، كە پەیوەستە بە زمانەوە وەك ئەوەی كێ تێبینی ( فدیە) ی نوسیووە یان كێ نامەی هەڕەشەی تەقینەوەی بۆمبێكی نوسیووە ، لە پەیماننامە و بەڵێننامەیەكدا ئەم وشەیە بەواتای چی دێت ، ئایا بەشی یەكەمی(Mc)دەشێت بەكاربهێنرێت بۆ بواری بازرگانی خواردن وەك (Mc Hamburgers)و بە دزی ئەژمارنەكرێت ...هتد).

**١.١) ڕەهەندەكانی زانستی زمانی دادوەری**

وەك ئاماژەمانپێدا جێبەجێكردنی یاسا و دادپەروەری پێویستی بە پڕكردنەوەی ، كەلێنە زمانییەكان هەیە ئەویش لە ڕێگەی لێكۆڵینەوە لەو بەڵگانەی ، كە خودی زمانە یاسایی و دادوەرییەكە دەیبەخشێت ، هەر لەبەرئەمەشە یەكێك لە بنەما هەرە گرنگەكانی ئەم چەشنە لێكۆڵینەوەیە خستنەڕووی دوو ڕەهەندە ، كە ئەوانیش بریتین لە :

١. **شێوازی لێكۆڵینەوە** Investigation Stylistics

٢. **بەڵگە زمانییەكانە** (Language Evidence)

**یەكەم / ڕەهەندی شێوازی لێكۆڵینەوە:** بریتییە لە تەكنیكێك ، كە شیكردنەوەی زمانی دەبێتە ناسنامەی لێكۆڵینەوەكان و دیاریكردنی مەبەستەكان ، ئەمەش وابەستەی جۆراوجۆری زمانییە ، كە لە شێوەی حاڵەتێكی بێئاگایدایە و خۆی لە و ڕەفتارە زمانییانەدا دەبینێتەوە ، كە مرۆڤەكان پێیدەناسرێنەوە لەسەر ئاستی بەكارهێنانی (دەنگ ، شێوەزار ، هەڵە دەربڕینەكان ، پێشودواخستنی كەرەستەكانی ڕستە و دەق ، دووبارەكردنەوەی وشە و فرێز .....هتد) ، هەموو ئەمانەش بە زاراوەی پەنجەمۆری زمانیی (Language Finger Print) ناسراون .

(١٩٦٨) Svarrik , J پێی وایە ئەم زانستە پێویستە ، چونكە ( خەڵكی أ. بەخێرای قسەدەكەن و زۆرێك لە زانیارییەكان بە فیڕۆدەچن و ئەژماریان بۆ ناكرێت ب. زۆر بابەتی گرنگ هەیە دەپەڕێت پ. بە ئاسانی گومانی بێبەڵگە لە ئاخاوتندا دروستدەكرێت ت. گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بەستنەوەی بە ئیستاوە بێ ڕەچاوكردنی جۆرایەتی و جیاوازی كێشەكان) ، ئەم هۆكارانە وادەكەن ، كە لێكۆڵەر لە بواری زانستی زمانی دادوەریدا بە

هێواشی و وردی بەسەر هەموو چەشنە بەڵگەكاندا بچێتەوە و خەوشەكانیان جیابكاتەوە و لێڵی و تەمومژییەكانیان بڕەوێنێتەوە و ئەو بابەتانەشی ، كە زیادەن یان ناپەیوەندیدارن وەلایان بنێت و دوریانبخاتەوە لە كرۆكی كێشەكە هەر بۆیە دەتوانین شێوازی لێكۆڵینەوە لە دوو پنتی سەرەكیدا كۆبكەینەوە :

١. هەنگاوەكانی لێكۆڵینەوە : پرسیاركردن لە شایەت و لێپێچینەوە لە تاوانبار لە لێكۆڵینەوەكاند ا بە چوار هەنگاوی سەرەكیدا تێپەڕدەبێت كە ئەوانیش بریتین لە :

أ. وازهێنان لە شایەتەكان ان تۆمەتباران ، كە خۆیان قسەبكەن ئەم چەشنە بەڵگەیە باشترین جۆری بەڵگەیە چونكە هیچ چەشنە پرسیارێكی( ئاڵۆز ، ئاڕاستەكار ...هتد)تێدا نەكراوە و خۆیس بە شێوەیەكی ڕەوان هاتووەتە دەرەوە ، بەڵام زۆربەی كات ئەم چەشنە دانپێدان ڕوونادات و شێوازەكەش بەبەردەوامی سەركەوتوو نییە بۆیە دەمانبات بۆ هەنگاوی دووهەم ،

ب. بەكارهێنانی هەڵبژاردن و دۆزینەوەی دەستەواژە و ڕستەی لەو شێوەیەی ، كە كەسەكە تاوانبار دەكات و لایەنە نهێنییەكانی كەیسەكە دەخاتەڕوو ،

ت. پەنابردنە بەر ئاخاوتنی ڕابردووی شایەتەكان بەمەش ڕابردووی تۆمەتبار زیندوو دەكرێتەوە و گەر ئەمەش ئەنجامی نەبوو ئەوا دەبێت پشت بە هەنگاوی چوارەم ببەسترێت ،

پ. گەر سێ هەنگاوەكەی پێشتر ئامازەمانپێدا سەرینەگرت پێویستە كەسی بە ئامانجكراو بخرێتە بەر پرسیاری ئاڵۆز و تەمومژاوی و دروستكردنی چیرۆك بۆ بەدەستهێنانی وردەكاری لە گۆشە نیگای جیاجیاوە بەمەش وا لە تۆمەتبار دەكرێت كوچە و كەلەبەری كەیسەكە ڕووناكبكاتەوە و بابەتە شاراوەكانی ئاشكرا بكات .

٢. شێوازی بەستنەوە : لە شێوازی لێكۆڵینەوەدا دانانی چیرۆك و شیكردنەوەی زمانیدا پێویستە لێكۆڵەری زمانیی ئاگاداری هەموو كەرەستەیەكی زمانی دەربڕاو بێت بەشێوەیەك هەموو كەرەستەیەك بە تۆڕێكی پەیوەندییەوە لە هزری مرۆڤدا بەستراوە بەمەش دەرپەڕاندنی هەموو وشە و كەرەستەیەكی زمانی پێوراو و ئەژماركراو دەبێت بۆ نموونە لە زمانی كوردیدا هەرسێ مۆرفیمی ( و ، بەڵام ، یان) لە هەر بەكارهێنانێك و شایەتیدانێكدابێت ئەم واتایانە لەگەڵ خۆیان ڕادەكێشن :

**أ... { و } كەسی ئاخێوەر دەیەوێت بەردەوام بێت لە گەیاندنی بیرەكەیدا ،**

١. ئەو هات و دەمانچەی لە ئێمە ڕاكێشا و لەگەڵیا جوێنی زۆری دا .

**ب ...{ بەڵام } ماركەیە بۆ ئەوەی قسەكەر دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سەر قسەكانی پێشووی و خاڵێكی ئەرێنی یان نەرێنی تێیدا نیشانبدات و جەختی لەسەر بكاتەوە یاخود دەیەوێت تەمومژییەك بخاتە سەر یەكێك لەو بابەتانەی ، كە پێشتر باسیكردووە .**

٢.أ. ئەو هات و جنێوی زۆری دا بەڵام ئەو دەمانچەی پێنەبوو .⟵——( گەڕانەوە بۆ (بكەر) و باسكردنی بابەتێكی ئەرێنی

ب. ئەو ژنەكەی لەگەڵ بوو كاتێك پەلاماریدام بەڵام ژنەكەی زۆر بەڕێزە و ئاگای لێنەبوو چونكە لە دوورەوە ڕاوەستابوو. ⟶( گەڕانەوە بۆ سەر بەركار( ژنەكە ) و قسەكەر دەیەوێت لە بازنەی تاوان دووریبخاتەوە ).

**ت. من بە چاوی خۆم نەمبینی دەمانچە دەربێنێ بەڵام ئەمە یەکەمجاری نییە چەند جارێکی تریش کاری لەو جۆرەی کردووە .⟵(گەڕانەوە بۆ بکەری ناو ڕستەکە وتنی بابەتێکی نەرێنی تایبەت بە ڕابردوو )**

**پ .... { یان} مارکەیەکە بۆ هەبوونی دووڕیانێك لە هەڵبژاردندا .**

**٣. أ....یان بیکوژە یان سەری خۆت هەڵبگرە لەشار و بەجێیبهێڵە . ( لەبری دانان و هەڵبژاردن)**

**ب.... ئەو سەربەستە یان ئازادە چۆن تۆڵەی خۆی دەکاتەوە؟ ( هاوتاییکردن )**

**پ... ئەمە دووجارە یان سێجار هەڵدەکوتێتەسەرمان ( ناسینەوە و لێکجیاکردنەوەی دوو کەرەستە )**

**هەروەها دەتوانیین هەموو وشەیەکی زمانی بگەڕێنینەوە بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی لە شێوازی لێکۆڵینەوەدا وەك ئەوەی لە زمانی کوردیدا جۆری شێوازی پرسیارکردنەکان لە شێواز ( پرسیاری ئایا) ن یاخود زۆرترینی پرسیارەکان لە ڕێگای ( جێناوی پرسیارەکانەوە ) دەکرێت و هەر یەکە لەم دوو شێوازەی پرسیارکردن تا چەند بەبەرهەمن لە وەڵامدانەوە و دەرخستنی زانیارییەکان دیارە پرسیاری ( ئایا) زۆرترین کات وەڵامی ( بەڵێ و نەخێر بەدوای خۆیدا دەهێنێت) ، کە ڕەنگە بۆ دانپێدانان یەکلایکەرەوە بێت بەڵام بۆ دەرخستنی شێوازی کردنی تاوانە هێندە بەسوود نییە و ڕەنگە وەك پرسیاری ئاڕاستەکاریش بێت بۆ نموونە :**

**٤. ل.١ .ئایا تۆ ئازادت کوشت ؟**

**ت.١. بەڵێ**

**ل.٢.ئایا براکەت ئاگاداری ئەم کارەی تۆبوو؟ ئەی ئەو کێشەی نەبوو لەگەڵ کوژراوەکەدا . ( پرسیاری ئاڕاستەکار بە ئاڕاستەی برای تۆمەتباردا بۆ تێوەگلاندنی)**

**ت.٢. بەڵێ ئەو کێشەی هەبوو ... بەڵام نەیزانی من دەچمە سەری ...**

**لە شیکردنەوەی ڕستەی (٤.ت٢)دا دەتوانین پەنا بۆ لێکدانەوەیەکی** Van Hoek (١٩٩٥: ٣١٣) **ببەین بۆ چۆنێتی بەستنەوەی کەرەستەکان و دیاریکردنی ڕەگەزە ویستراوەکان ، کە دەڵێت " خاڵی ئاماژە ئەو کەرەستە و ڕەگەزانەن ، کە پڕۆژەیەکی ناوەکی دادەمەزرێنن لە نێوان دەق و دەوروبەری دامەزراودا ، لێرەدا چەمککار هەڵدەستێت بە پەیوەندیی ئاوەزی لەگەڵ پارچەکانی تردا و لەم پەیوەندییەدا هەژموونیی خاڵی ئاماماژەیی جەخت لەسەر ئەو ڕەگەزانەدەکاتەوە ، کە لە ڕووی چەمکەوە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵات و پەیوەندییەکانی خاڵی ئاماژەوە و وەهاش شێوە وەردەگرن بە پێی دامەزراوەی و پەیوەندییان لەگەڵ خاڵی ئاماژەدا " مەبەست ئەوەیە ، کە بە چ شێوە و شێوازێك وشە و کەرەستە زمانییەکان گۆدەکرێن بەوشێوازەش سەرجەمی ڕیزبەندی کەرەستە پەیوەندیدارەکان پێیەوە دێن ، چونکە ئەو کەرەستەیە دەسەڵات و هەژموونی هەیە بەسەر کەرەستەکانی دیکەدا و وایانلێدەکات بە شێوەیەکی ناچاریی لەگەڵیدا ڕیزببن بۆ گەیاندنی ئەو چەمکەی ، کە قسەکەر دەیەوێت دەریانبڕێت ، لەساتەوەختی لێکۆڵینەوەشدا بەکارهێنانی ئەم چەشنە وشە و شێوازانە دەبێتە هۆکاری ڕاکێشانی زانیارییەکان لە شایەت و تۆمەتبار هەروەك لەم ڕستەیەدا خستمانی بەرچاو ، کە وشەکانی (براکەت ، ئاگاداری ، کێشە ، کوژراو) دەسەڵاتر ئەم وشانە چەندین وشەی لە هزری گوێگردا چالاکدەکەنەوە و وا دەکەن گوێگر نەتوانێت بە ئاسانی بازیان بەسەردا هەڵبدات ، چونکە ئەم وشانە ئەو کەلێنە ( بۆشایی ئاوەزیی) انە پڕدەکەنەوە ، کە گوێگر دروستی دەکات بۆ ئەوەی خۆی لە تێوەگلانی هەندێك بابەت لابدات**

بەواتایەکی تر شایەتی ناو ڕستەی ( ٤. ت .٢) هەوڵیداوە ، کە کێشەکەی تەنها خۆی تێدا بێ بەڵام لێکۆڵەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی ڕستەی ئاڵۆز و تەمومژاوییەوە دەیەوێت خۆلادانی تۆمەتبارەکە زیاتر بتڕنجێنێتە گۆشەیەکەوە و دەسەلاتێکی دیکە بە وشەکانی بدات هەربۆیە بەناچاری تاوانبار دەبێت خۆی ببەستێتەوە بە هەرچوار وشەکەوە و هەلوێستی خۆی بەرانبەر (براکەی و ڕووداوەکە)

دەربڕێت بۆ ئەمەش زمانی کوردی پێڕەوی ئەنافۆری تایبەت بەخۆی هەیە ، کە بەشێکی گەورەی ئەو پێڕەوە خۆی لە بەکارهێنانی جێناوە لکاوەکاندا دەبینێتەوە .

**دووهەم / <u>بەلگە زمانییەکان</u>** : خۆی لە هەموو چەشنە دەقێکدا دەبینێتەوە ( زارەکی ، بزاوتنی یاخود نوسراو) ئەم چەشنە کۆد و پەیوەندیکردنانە لە تاوانەکان و لێکۆلینەوەکاندا بەکاردەهێنرێن و زۆرجار خۆی لە ( پەیوەندی تەلەفونی کتوپڕی و فریاکەوتن ، کورتەنامە ، تۆمارکراوی پۆلیسی ، دانپێدانان ، ڕوونکردنەوە ...هتد) هەروەها لەگەڵ تاوانی جۆراوجۆری دیکەشدا کاردەکات وەك ( هەڕەشەکردن ، بەرتیلوەرگرتن ، پلانگێڕی ، شایەتی درۆ ..هتد) دەبینێتەوە ، هەرچی ئەم ڕەهەندەیە پەیوەستە بە دوو لایەنی گرنگەوە ، کە ئەوانیش بریتین لە :

یەکەم / ستراتیژەکانی زمان بۆ بەدەستهێنانی بەلگەی زمانی : ستراتیژەکانی زمان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاردەکەن و دەشکرێت کەسەکان لەسەری ڕابهێنرێن لەلایەکی ترەوە ئەم ستراتیژانە تەواوکەری کاری لێکۆلینەوەی زمانین و وەك پەیوەندییەکی هاوتاش بۆ شێوازی لێکۆلینەوە خۆیان دەنوێنن چەندین ستراتیژی زمان هەیە بۆ ڕاپێچکردنی تۆمەتبار و شایەت بۆ ئەو مەبەستانەی ، کە ئێمە دەمانەوێت بیانزانین هەروەها وایان لێبکەین هەلخلیسکاندنی ( هزری و زمانیی) بکەن ئەمیش لە ئەنجامی ئەو تەنگپێهەلچنینە دەبێت ، کە لە ڕێگەی زمانەوە بۆ ( شایەت و تۆمەتبار) دروستدەکرێن لە گرنگترین ئەو ستراتیژییە زمانییانە، کە Shuy (R.W ٢٠٠٥ :٨-١٩) دایڕشتوون :

١. بەکارهێنانی تەمومژی واتایی using Ambiguity: مرۆڤەکان تەمومژی بەکاردەهێنن لە ئاخاوتندا بەبێمەبەست بەلام کاتێك بە مەبەستەوە بەکاریدەهێنن ئەمە مەبەست لێی شاردنەوەی بابەتێك یان تاوانێکە ، هەر بۆ ئەمەش ئەوکەسەی ستراتیژی تەمومژی بەکاردەهێنێت دەیەوێت دەستبگرێت بەسەر چالاکبوونەوە و بەستنەوەکانی هزری قسەکەردا لە زمانی کوردیدا تەمومژی بەهۆی جێناوە لکاوەکانەوە تاڕادەیە کۆنترۆلدەکرێت بەلام لەگەل ئەمەشدا لە چەندین جێکەوتەدا واتای تەمومژی دروست دەبێت وشە و مۆرفیمەکانی ( ئەو ، ئەو شتە ، هین . فلان ، فیسار ، کەسێك ، نەفەرێك ، منداڵێك ( ئامرازی {ێك} ی نەناسیاری ...) تەمومژی دروستدەکەن وەك لە کردەی هاندانداا ( کەسێك ئەو سەگە هارە بکوژێت ..)، ( گەر فلان فەوت بوایە و نەمایە ئێمە ئیشەکانمان باش دەبوو ).

Labov ( ٢٠٠٣ : ٧٤) دەلێت " قسەکەر هەقیقەت دەگوازێتەوە لە ڕێگەی کۆمەلێك تەکنیکەوە ، کە زۆر کاریگەرتر و ئامانجبەخشترن لە درۆکردن " ئەمەش بەواتای تەمومژی بەکارهێنان باشترە لە خۆلادان لە هەقیقەت وەك لە درۆکردن بۆ نموونە ( گوێملێبوو ، بەچاوی خۆمبینیم) هەقیقەتی ڕاستەوخۆ و بەستراوەن بە قسەکەرەوە بەلام ( بیستم ، بۆیانگێڕامەوە ، بەباشی نەمبینی) لێلی بەخشینن و واتای تەمومژاوین بە جۆرێك قسەکەر دەتوانێت خۆی بدزێتەوە لە بەرپرسیارێتی وەك شایەت .

٢. بە بەردکردنی و جیاکردنەوەی وشەکان Blocking the word : لێرەدا لێکۆلەری زمانی هەلدەستێت بە دیاریکردن و تەنها خستنی هەندێك لە وشەکان واتە بەبەردیدەکات و هەلیاندەبژێرێت ، چونکە ئەو وشەیە

هەڵگری چەندین پەیوەندی و خوێندنەوەیە ئەمەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە ، كە پەیوەندییەكانی وشەكان دەقرتێنن و وشكیان دەكەن.

٣. وەستان و بڕینی وشەكان : لەم ستراتیژییەدا لێكۆڵەری زمانیی لە شوێنێكدا ، كە وشەیەكی سەرنجڕاكێشەر دەبیستێت قسەكەر دەیوەستێنێت و هەوڵدەدات زیاتر قسەكەر بۆ ئەو لایەنە بدوێنێت ، كە خۆی دەیەوێت .

٤. ستراتیژییەتی لێدان و ڕاكردن The Hit and run Strategy :هەڵدانی وشەیە بەمەبەستی هەڵگرتنەوەی لەلایەن كەسی تاوانبارەوە ئەمەش بە زۆر لەسەر ڕۆشتنی بابەتەكەیە و لێرەدا كۆمەڵە وشەیەكی بە ئامانجكراو دەدرێت بە گوێگر بەمەبەستی ئەوەی گوێگر هەڵیانبگرێتەوە و گومانی ئاشكرابوونی لێدەربكەوێت هەر بۆیە هەڵدەستێت بە بەرگری كردن یان پاساوهێنانەوە و ڕوونكردنەوە .

٥. ستراتیژی پاككردنەوە Contamination the Talk : مەبەست لێی كردنی پرسیاری تێكەڵ و ئاخاوتنی لێڵە بەمەبەستی دووبارەكردنەوەی بابەتەكان بە شێوەی جیاجیا و ئەمەش لە پێناو بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لێرەدا چەندین جار پرسیار دەكرێتەوە بە چەندین شێواز و ڕەنگە دیالێكتی كۆمەڵایەتی جۆراوجۆر و دواتر هەموو پرسیارەكان لە یەك پرسیاری گشتیدا كۆدەكرێتەوە بەڵام وردەكاری وەڵامدانەوەكان لە هەریەكێك لەو پرسیارە جۆراوجۆرانەی ، كە پێشتر بەكارهێنراون دەخرێنە سەر یەك بەمەش ( پرسیار و وەڵام)ەكان پاكدەكرێتەوە و قاڵبی فەرمی خۆیان وەردەگرن بۆ نموونە لە ڕستەكانی ( ٥. ل. ١، ٢، ٣) دا لێكۆڵەر هەرجارەی بە چەشنێك پرسیارەكات بۆ ئەوەی تاوانبار یان شایەت دان بە جۆرێك لە زانیاریدا بنێت ، كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تاوانەكەوە نییە بەڵكو بە پەیوەندی نێوان خۆی و تاوانباری سەرەكی هەیە و دواتر ئەم چەشنە پەیوەندییەی ( دەستگیركراو ) دەبەسترێتەوە بە تاوانبارەوە و هەندێك زانیاری نوێ دەخرێتەسەر لێكۆڵینەوەكان :

٥. ل ١. تۆ باوەڕت بەم كەسە هەیە .

ت . ١. من كوێرانە متمانەم پێی هەیە و كوێرانەش دوای دەكەوم .

ل. ٢ . مەبەستت وایە بەهەموو جۆرێك دوای دەكەویت .

ت . ٢ . من ئەو پێم بڵێ ماست ڕەشە ئەڵێم ڕاستە و هیچ ڕەنگێكی تر نییە .

ل. ٣. كەواتە تۆ داندەنێیت بەوەی هاریكاری ( ...) كردووە .

ت. من هاریكاریم وا نەكردووە بەڵام متمانەم بە بیركردنەوەشی هەیە .

٦. دابڕینی تۆمەتبار لە زانیاری گرنگ Isolating from Information: ئەمەش لە ڕێگەی پلانێكەوە دەبێت و ئەمەش لەبەر ئەوەیە ، كە ئەگەر تۆمەتبار هەندێك لەو زانیارییانە بزانێت ، كە لە كاتی دەستگیركردنی ئەمدا ڕوویانداوە ئەوا قسەكانی دەگۆڕێت و هەقیقەتەكە دەشارێتەوە لەلایەكی ترەوە چەشنی زانیاری پرسیارەكانیش دەگرێتەوە واتە لە پرسیارەكاندا كەمترین زانیاریی دەدرێت بۆ ئەوەی تۆمەتبار خۆی زیاترین زانیاری بڵێت .

٧. فەرامۆشكردنی وەڵامی (نا) ی پرسیارلێكراو Ignoring The (No) Answer : لێرەدا لێكۆڵەر نابێت بە وەڵامی ( نا ) ڕازی بێت ، چونكە تۆمەتبار و شایەتەكان بە گۆكردنی ( نا) چەند واتایەك دەردەبڕن :

أ. مەبەستیان چییە لە دەربڕینی ( نا) ،

ب. مەوداكانی (نا) تا چەند فراوانە و چی دەگرێتەوە ،

پ. دەیەوێت چی بشارێتەوە ،

ت. (تۆمەتبار یان شایەت)دەیەوێت چی لەوانەی ، کە وتویەتی یان پێی وتراوە ڕەتی بکاتەوە .

٨. دانانی سیناریۆ بۆ کەسی بە ئامانجکراو Scripting The Target : ئەم حاڵەتەش وەك دانانی چیرۆکێك وەایە بۆ ئەوەی وێنەی هزری ئامادەکراو بۆ تۆمەتبار دابنرێت و بەو هۆیەشەوە تۆمەتبار ببێتە بەشێك لەو جۆرە چیرۆکانە ،هەرچەندە ئەم حاڵەتە هەندێکجار تێکەڵ دەبێت لەگەڵ شێواندنی و وەك بارێکی هەڵخەڵەتاندن دەردەکەوێت .

### ١. ٢. ڕووبەرە هاوبەشەکانی نێوان زانستی زمان و یاسا

ئەم لقەی زانستی زمان تێکەڵاوی زمان و یاسا لەگەڵ یەکتر دەخاتەڕوو و ئەو هاوبەشیانەش ، کە هەن بۆ سێ ڕووبەر جیایاندەکاتەوە"چەند ڕووبەرێکی سەرەکی لە نێوان ئەم دوو بوارەدا (زمان و یاسا) هەیە کە ئەوانیش بریتین لە : Correa(٢٠١٣: ٨)

یەکەم : زمان کەناڵی نێوان (یاسا و تاوانباران و شایەتەکان)ە Language and Medium

دووهەم : زمانی دەقە یاساییەکان (یاسا زمانی تایبەت بە خۆی هەیە) Language of Law

سێهەم : تاوانەکانی زمان Crimes of Language"

ئێمە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵدەدەین شیکاری بۆ خاڵ و بنەماکانی ڕووبەری (یەکەم و دووهەم) بکەین و دواتر پانتاییەکی فراوانتر لە بەشی دووهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تەرخاندەکەین بۆ ڕووبەری سێهەم (تاوانەکانی زمان) و وەك بەشێکی سەربەخۆ ڕووناکیدەخەینەسەر لەبەرئەوەی خودی لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات جەختبخاتە سەر ئەم لایەنەی زانستی زمانی دادوەری و لێکدانەوە بۆ کەیسەکان بکات،کە تایبەتن بە تاوانی زمانی .

#### ١.٢.١ زمان کەناڵی نێوان (یاسا ، تاوانباران و شایەتەکان)ە Language and Medium

ئاشکراترین ئاشناترین پێناسەی زمان بریتییە لەوەی ( زمان ئامرازی گواستنەوەی بیری نێوان تاکەکانە و هۆکاری پەیوەندیکردن و لێکترگەیشتنە) بەمەش ئەرکی جۆراوجۆر ئەنجامدەدات و بەشدارە لە هەموو بڵاوبوونەوە و بەرجەستەکردنێکی بیر و کلتور لەم پنتەشەوە زمان پردی پەیوەندیکردن و گۆڕینەوەی زانیارییەکانە لە نێوان ( یاسا داڕێژراوەکان و تاوانباران (تۆمەتباران) و شایەتی تاوانەکان) :

أ. **یاسا:** بۆ ئەوەی بەر لە تاوانکردن بگیرێت دەبێت مرۆڤەکان لە ڕێگەی زمانەوە ئاگادارکرابێتن ، کە شتەکان لە دونیادا سنووریان هەیە و تێپەڕاندنی ئەو سنوورانە سزا و لێپێچینەوەی لەدوایە _ لەڕاستیدا ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی خەریکناکات بە سایکۆلۆژییەتی(بیرکردنەوەی تاوانکردن) _ هەموو سنوورە یاساییەکان بە زمان گوزارشتی لێکراوە هەرچەندە هەندێکجار بۆ ناسینەوەی پێویستمان بە هێمای زمانی ( دەنگ ، نوسین ، بزاوتن) نییە ، چونکە ئەو پێوانانەی پێشتر بەهۆی زمانەوە گوێزراونەتەوە لە ئاوەزداریدا وەك پێوانەیەك کەسی لێدێت و لەوەو دوا تاکەکان هەموو بارەکانی ، کە ڕووبەڕووی دەبنەوە بەو پێوانە ئاوەزییە دەپێون و لەسەر بنەمای ئەوەوە ڕەفتاردەکەن ، کە خودی ئەم ڕەفتارکردنەش زمانە ، بۆ نموونە کاتێك بونیادی ( ویژدان) مان بۆ دروست دەکرێت لە منداڵیدا لە ڕێگەی پەروەردەکردنەوە دەبێت بۆ ئەمەش باوان پێویستیان بە وشەکان و زمان دەبێت بۆ گەیاندن و چاندنی ئەم چەمکانە .

کەواتە ئەو گریمانەیەی پێشتر گوزارشتمان لێکرد بریتی بوو لەوەی خودی یاسا زمان لە ئاوەزدا دەیچێنێت_ ئەگەرچی لە بنەڕەتەوە لە بنەمای بیرکردنەوەیەکی ڕووتەوە ( مجرد) یشەوە هاتبێت_ و دواتریش دەقی یاساکە و بلاّوبوونەوەشی لە ئەستۆی زماندایە .

ب. **تاوانبار :** یان ( تۆمەتبار ) زۆربەی کات شارەزان _وەك هەر تاکێکی کۆمەڵ_ لە بنەما یاسای و پێڕەوی ئاکاری ( سیستمی ئەخلاقی) ئەمەش بەهۆی تێپەڕاندن و گواستنەوەی زانیارییە یاساییەکان لە ڕێگەی زمانەوە ، بە واتایەکی تر هەموو تاکێك لە ناو کۆمەڵەکەیدا بە شێوەیەك لە شێوەکان و بە بڕی جیاواز شارەزا و ئاگاداری (ماف و ئەرك ) و ( ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراوەکان)ی کۆمەڵەکەیەتی هەموو ئەم میراتەش لە زانیاریی یاسای لەڕێگەی زمانەوە وەك کۆزانیاریی Knowledge دەگات بە تاکەکانی ناو کۆمەڵێکی دیاریکراو .

لە هەندێك باریشدا زانیارییە یاساییەکان جیهانین و لە هەموو شوێنێکی دونیا تێپەڕاندنیان دەبێتە هۆی تاوانکردن بۆ نموونە دزیکردن یاسا جیهانییەکەی بریتییە لە ( بردن و هەڵگرتنی بابەتێك یان شمەکێك یان موڵکێکە ، کە خاوەنێکی دیاریکراوی هەبێت ( خاوەنەکە ناسراو یان نەناسراوبێت) لە لایەن کەسێکەوە و ئەمەش بە بێئاگاداری خاوەن بابەتەکە ) ، بەلاّم ئەم پێناسە گشتییە بە کارتێکردنی کلتوری و بیرکردنەوەی جیاوازی تاکەکان گۆڕانی بەسەردا دێت و نەوەکان بۆ یەکدی لە ڕێگەی زمانەوە دەیگوێزنەوە بەواتایەکی تر تاوانباریش بەشێکە لە کلتوری گوێزەرەوەی زانیارییەکان و خۆشی لە نێو بازنەی زماندایە و ناتوانێت بە تەنها بەڵگەی نەزانیین خۆی ڕزگاربکات لەو تۆمەتەی پێی تاوانبارکراوە ، چونکە ئەویش تاکێکی کۆمەڵە و لە پەیوەندی لێکتر گەیشتندا بووە لەگەڵ ئەوانی دی و بوونەوەرێکی دەرەکیی نییە تاوەکو بنەما ئەتیکی و کلتورییەکانی بۆ نەگوازرابێتەوە.

پ. **گەواهیدەر ( شایەت)** : بەهەمان شێوەی تاوانبار ( تۆمەتبار) گەواهیدەر بەشێکە لە پێڕەوێکی کۆمەلاّیەتی فراوان و ئەویش لەبەر لێشاوی زانیاریی دونیایی و زانیاری زمانیدایە و ئەمیش بە هەمان شێوەی تاوانبار پێوانەی هزری و ئاوەزی هەیە بۆ پێڕەوی ( چاکە و خراپە) و زیاتر کاری ئەم لە ڕووبەڕووبوونەوەی زمانیدا لەگەڵ تاوانباردایە و ڕاستی و درۆی بابەتەکان ئەم دیاریدەکات هەر بۆیە دوو هێندەی تاوانبار دەبێت ئاگاداری ئەو فۆرمە زمانیانە بێت ، کە لەسەرجەمی پرۆسەی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنەکەدا بەکاریاندەهێنێت .

هەر لەمەشەوە دەتوانین  پێشنیازی هێڵکاری ( ١) بکەین بۆ نواندنی ئەم پەیوەندییانە :




هێڵکاری ژمارە - ١-

وەك لە هێڵکاری ژمارە (١) دا دەبینرێت پێکەوە بوون و کارلێکردنی نێوان ( دەقی یاسا ، تاوانبار ، شایەت) بە شێوەیەکی بەیەکداچوو و تێکچڕژاوە بە ڕادەیەك بوونی هەریەکێکیان لەسەر بوونی ئەوانی تر بەندە پاشان پێڕەوی زمان ناوچەی گەیەنەری نێوان پێڕەوی کامڵبووی ئێتیکی ( ئاکار) و پێڕەوی جێبەجێکردنەکانیەتی لە بوارەکانی ژیاندا .

### ١. ٢.٢. زمانی یاسا ( دەقە یاساییەکان) Language of Law

وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا زمان ڕێکخەر و جێبەجێکاری تێکستە یاساییەکانە و هەر لە ڕێگەی ئەمیشەوە بونیاد دەنرێت بە واتایەکی تر پتەوی بونیادنانی زمان لە تێکستە یاساییەکاندا پتەوی بونیادی تێکستەکانیش دەهێنێتە ناوەوە ، زمانی یاسای ، کە مەبەست لێی ( قسەبکە وەك پارێزەرێك ) ، هەرچەندە ئەمە یەکجار بەو شێوە تەواو و پڕاوپڕییە جێبەجێنابێت ، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان زمانی ئاخاوتنی یاسای و زمانی نوسینی یاسای  لەبەر دوو هۆکار :

أ.  بەدەستهێنانەوەی پاشماوەی ئاخاوتن بە شێوەیەکی لەسەداسەدی کارێکی ئاسانییە لەکاتێکدا بەڵگەکانی زمانی نوسین ئاسانتر بەدەستدێنەوە و مامەڵەی حاشا هەڵنەگریشیان لەگەڵدا دەکرێت ،

ب.  خودی دەقی زمانی نوسراو بە شێوەیەك دەنوسرێتەوە ، کە زۆربەی بابەتە گشتی و وردەکارییەکانی ئەو بابەتەی ، کە دەقەکەی بۆ نوسراوە بیگرێتەخۆ ، ئەمەش دەمانبات بۆ خاڵی سێهەم ، کە بریتییەلە

ت. چنینی دەقی یاسای نوسراو بە شێوەیەك بێت ، کە کەمترین کەلێنی تێدا بێت بەمەش تاوانبار و کەسی نیازپیس و تەنانەت پارێزەرەکانیش ناتوانن بۆشایی یاسای تێدا بدۆزنەوە و باز بەسەر یاسادا بدەن یاخود بیبەزێنن ، لەکاتێکدا زمانی ئاخاوتن ئەم چەشنە چنراوییەی نییە و دەشێت بە ئاسانی بۆشایی تێدا ببینرێتەوە بە بەراورد بە زمانی نوسراو .

هەندێك یاسا و بنەمای زمانی لەم بوارەدا دەخرێتەڕوو بۆ شیکردنەوەی (بەهێزی و لاوازی) و ( چنراوی و هەڵوەشاوی) و ( تۆکمەیی و کەلێنداری) ، کە کرۆکی ئەم یاسا یاریدەدەرە زمانییانە لە چەند تایبەتییەکدا کۆبووەتەوە و دەتوانین لەم خشتەیەدا بیخەینەڕوو :

| هەژمونی گشتی زمانی | لێکۆڵەرەکان (یاسا زمانییەکانیان خستووەتەڕوو ) | نموونە لەسەر چۆنێتی و بواری کارکردنی یاسا زمانییەکە |
|---|---|---|
| هاوکێشەی دووجەمسەری دەربڕین و بییتن | گوستافون ١٩٧٥ -١٩٨٤ میلینك ١٩٦٣ | کارکردن لەسەر (نوسین ، کردە ، کرتاندن) |
| پێکەوەبەستن cohesion | بهاتیا ١٩٩٤ | نەخشەی دەق textual mapping |
| بەکارهێنانی پریپوزیشنی ئاڵۆز Pp+ ناو+ pp | گوستافون ١٩٧٥ ، میلینك ١٩٦٣ سوالس و بهاتیا ١٩٨٣ | لە ڕۆژی شەهیداندا لەگەڵ ڕێزدا لە سلێمانییەوە |
| بە گشتی کردن دروستەی درککردن | بهاتیا ١٩٩٤ ، سوالس و بهاتیا ١٩٨٣ | بۆ نموونە بەجێهێنانی(هەڵگرتن و شایستەبوون) لە بەرهەمهێنانی ڕستەدا واتە جێبەجێکردنی پێداویستسەکانی ڕستە . |
| فرێزی ناوی جێناوی نادیار ، کە یارمەتی دروستەکان دەدەن بۆ دووبارەکردنەوەی ئاماژەکان | تیرسما ١٩٩٩ ، لیندکوست ١٩٩٥، مالی ١٩٩٤ | ئەم حاڵەتە لە زمانی کوردیدا لە هەندێك باری زۆرکەمدا دەردەکەوێت بۆ نموونە ( جێناوە نادیارەکانی فلان و فیسار ، هین ..) واتە بەستنەوەی فرێزی ناوی بەهۆی پێکهاتەیەکی ناکەسی و ناناوییەوە ، بەلام لە پێکهاتەی کرداریدا تەنها تاك و کۆی بکەر دەردەکەوێت نەوەك جێندەری بکەر لە بەرانبەردا لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا کردارە یاریدەکان تاکێتی و جۆری |

| | | |
|---|---|---|
| | | جێندەری بکەر و بەرکار دەردەخەن .بۆ نموونە<br>أكلت الگفله الگعام .<br>تأكل الفتاه الگعام .<br>یاكل الولد الگعام .<br>The **girl** eat<u>s</u> the food .<br>پور<u>ێ</u> دەبێت بێی<u>ت</u> بۆ ماڵمان. |
| یاسا بەجێهێڵراوەکان | جیبسون ٢٠٠٣، هاگەر ١٩٥٩، ئۆبار ١٩٨٢ ، تیرسما ١٩٩٩ | وەك نیشانەی hereunder و مۆداڵی shall لە زمانی ئینگیزیدا بە جێهێشتنی یاسای فرێزی لەلایەن لە زمانی کوردیدا |
| مۆداڵەکان | فۆیلێ ٢٠٠٢ ، واگنر ٢٠٠٢ | لە زمانی ئینگلیزیدا هاریکاری کرداره سەرەکییەکەی ڕستەکەن و بەهۆی ئەوانیشەوە کاتی کرداره بنجییەکە دەردەکەوێت بەلاّم لە زمانی کوردیدا دەبێ سەرنج بخرێتە سەر خودی کردارەکە چونکە کات و کەس فەرهەنگی پێوەیە و کرداری مۆداڵ لە زمانی کوردیدا زیاتر کرداری حەزو ویستە .<br>من <u>حەزدەکەم</u> لەگەڵ تۆ بڕۆم .<br>من <u>دەمەوێت</u> تۆ ئەم کارەم بۆ بکەیت . |
| نەرێکردن | تیرسما ١٩٩٩ | هاتنی دوو نەرێ بەدوای یەکدا<br>ئەو منی <u>هەرگیز</u> <u>نە</u>ویستووە . |
| بە ناوکردن | مالی ١٩٩٤ | هەوڵدانە بۆ گشتگیرکردنی کردارێك لە ڕێگەی کردن بە ناوەیەوە واتە کاتێك ناوی ڕووداو بێت ئەو کەرەستە زمانییە باشتر ئەرکی گشتاندنەکە وسەرپشك بوون لە جێبەجێکردنی چەمکەکە |

| | | |
|---|---|---|
| | | نیشاندەدات دەگەیەنێت بۆنموونە : -ڕێزگرتن ئەرکێکی گرانە هەموو کەس ناتوانێت پێی هەڵسێت . - پێویستە خەڵکی ڕێزگرتن بکەنە بنەمای ژیانیان . |
| دیاریکردنی پرۆسەکان | باهاتیا ١٩٩٤، تیرسما ١٩٩٩ | -پیاوەکە برینەکەی لە نیوەشەودا لێی هاتەوە ژان . |
| دروستەی پاسیڤ | تیرسما ١٩٩٩ ، ترۆبۆرگ ١٩٩٥ | ئەم گفتوگۆیە دەبڕدرێت . ئەمە دەبڕدرێت . |
| درێژی ڕستەکان ئاڵۆزیان ، ڕادەکان ، سەرباری ، جەختکردنەوە | گوستافون ١٩٧٥، ئۆستن ١٩٨٤ ، باهاتیا ١٩٩٤، هیلتونین ١٩٨٤ ، هیل و کینگ ٢٠٠٤ | گرنگیدان بە دروستەو پێکهاتەکانی ڕستە بە هەموو جۆرەکانییەوە بە تایبەت ڕستەی باسمەند و سەرتۆپی بابەتەکان . |
| تایبەتیبوون و ناسینەوەی لێکسیمە یاساییەکان | ترۆبۆرگ ١٩٩٧ ، تیرسما ١٩٩٩ ، گیبسون ٢٠٠٣ ، کۆلسارد و جۆنسۆن ٢٠٠٧ | مەدای ( هەر یەکێك ) ، کە لە یاسادا بەکاردێت جێناوی نادیار : ( هەر کەسێك) لێکسیمی یاسای ( بریمتەکار ، داواکاری گشتی ، نەختینە ..) |

خشتەی ژمارە _ ١_ ( وەرگیراوە بە دەستکارییەوە لە

(Coulthard ,E & Johnson(٢٠١٠:٨)

## ٢) تاوانەکانی زمان Crimes of Language

یەکێك لە تاوانەکان تاوانەکانی زمانە و کەسی تاوانبار سزادەدرێت بەهۆی کۆدەکانییەوە واتە بەهۆی جفرەکردنی ئەو هێما زمانییانەی ، کە لە پرۆسەی لێکترگەیشتندا بەکاریاندەهێنێت ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە ، کە هەندێك کردەی قسەیی هەیە نایاساییە و تاوانێك ڕادەپەڕێنێت ، بۆ ئەم چەشنە لێکۆڵینەوە دوو لایەن گرنگە:

١. لێکدانەوەی سیمانتیکی A semantic Interpretation
٢. لێکدانەوەی ئەرکی A Functional Interpretation

لە گرنگترین ئەو بابەتانەی ، کە دەچنە دووتوێی تاوانەکانی زمانەوە ( هەڕەشەکردن ، نامەی خۆکوژی ، نامەی ڕفاندن ، تەلەفونکردن بۆ ئیمرجنسی ، هاندان بۆ تاوانکردن....هتد) ، لە شرۆڤەکردنی هەریەك لەم تاوانانە ،

كە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانەوە دەكرێت و هەر یەك لە دوو لایەنە زمانییەكە ( سیمانتیكی ، ئەركی ) بە چەندین میكانیزم شیكاری و ڕوونكردنەوە بۆ ئەم تاوانانە دەكات ( Ogunsiji,Y and Farirde , R.O ٢٠١٢) دەڵێن " گوتەی خەڵكی دەشێت چەندین تێڕوانینی جۆراوجۆری بۆ هەبێت ، واتە دەربڕاوی كەسێك دەشێت چەندین واتای جیاواز و پەیپێبردنی هەمەجۆر لەخۆبگرێت ".

بەمەبەستی پێشكەشكردنی هاوكاری بۆ پرۆسەی لێكۆڵینەوە و دادگایكردن بۆ نموونە لە تاوانی ( هەڕەشە بە مۆبایل ) دا بە پێی شیكاری زمانی دەبێت لەوەبگەین ، كە بەكارهێنانی وشەكان چیمان پێدەڵێن لەسەر ( هەڕەشەكەر و هەڕەشەلێكراو ) و دەبێت بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێنەوە لە ڕێگەی لێكدانەوە بۆ وشە و ڕستەكانی ( هەڕەشەكە ) و چەندین پرسیار بۆ ئەم بابەتە بخرێنەگەڕ وەك :

١. تا چەند هەڕەشەكە بوونی هەیە و ڕاستی و ڕاستەقینەیە ؟،

٢. ئایا تۆمەتبار جێبەجێكردنەكەی بەڕاستە واتە بەڕاستی جێبەجێی دەكات ؟ ،

٣. لێكدانەوەی كەسایەتی هەڕەشەكەر ( خەڵكی كوێیە ؟ جۆری كەسایەتی بە چ شێوەیەكە ؟ ) ،

٤. هەڕەشەلێكراو تا چەند تێوەگلاوە لە كێشەكەدا؟ ،

٥. هەڕشكەر تا چەند زانیاری دەربارەی هەڕەشەلێكراو هەیە؟

بە شێوەیەكی گشتی لە چەند ڕوانگەیەكەوە (Leonard , R.A ( ٢٠٠٥: ١٠ لە شیكردنەوەی تاوانەكانی زمان لێیاندەڕوانرێت" زانستی زمانی دادوەری وەڵامی ئەو پرسیارە یاساییانە دەداتەوە ، كە پەیوەستە بە زمانەوە بە هۆی چەند ئامرازێكەوە لەوانە : أ . شێوازی نوین ب. زمانی جەستە پ. ڕێگەی زمانیی بۆ گەیاندنی پەیامی زمانی ت. تۆنی دەنگ و جدیەت لە بابەتەكەدا ج. تا چ ڕادەیەك وشەی ڕاستەوخۆ و نێگێتیف بەكاردەهێنرێت ح. لێكدانەوەی Idiosyncrasies ، كە ئەمیش مزاج و ڕەفتار و ڕێگاكانی بیركردنەوەی تاك دەگرێتەوە " ئەمەش وادەكات ئەم زانستە لەم پنتەدا خۆی خەریكبكات بە :

**یەكەم / فۆنەتیكیكردنی دادوەری FORNSIC PHONETIC**

ئەم ڕەهەندەی زانستی زمانی دادوەری تایبەتێتی دەنگیی هەیە و تێیدا دەنگ دەبێتە كرۆكی ناسینەوەكان و هەموو ئەو هۆكارانەش دەخرێنەڕوو كە كار لەسەر دەنگی تۆمەتباردەكەن یاخود بە پێچەوانەوە هەندێك تایبەتێتی كەسی لەڕێگەی دەنگی تۆمەتبارەوە دیاریدەكرێن ، هەربۆئەمەش كۆمەڵێك ڕەهەند لەم بوارەدا دیاریكراوە:

١. پرۆفایلی قسەكەر SPEAKER PROFILINF : پەیوەست بەم لایەنەوە پێویستە لێكۆڵەری زمانی فایلێك بۆ دەربڕینەكانی تۆمەتبار دروستبكات ، چونكە ئەم حاڵەتە بریتییە لە " ئەركێك لە چەشنی جیاكردنەوەی پۆلی كەسێتی قسەكەرەكان و كەسانی بێدەنگ لە ڕێگەی ئاماژەكانیانەوە ئەمەش پشت دەبەستێت بە باری ( ئاین ، ڕەگەز ، باكگراوندی كۆمەڵایەتی ..هتد) ئەم جیاكارییە لەلایەن زمانەوانەوە بۆ پۆلیس گرنگە ، چونكە دەبێتە هۆی دەستنیشانكردنی ناسنامەی كەسی شایەت و تۆمەتبار و تا چ ڕادەیەك تێوەگلاون لە تاوانەكەدا ، بە واتایەكی تر ئەم حاڵەتە بە بۆچوونی COBAIN,K(٢٠١٣) دوو بوار دیاریدەكات :

أ. پۆلی قسەكەر SPEAKER CLASSIFICATION

ب. كارێكتەری تایبەتی قسەكەر SPEAKER-SPECIFIC CHARECHTER

٢. قەبارەی لەش: قەبارەی لەش لەگەڵ درێژی و مەودای دەنگیدا كاردەكات و زوربەی كاتیش پەیوەندییەكە هەڕەمەكییە و مەرج نییە كەسێك باڵای كورتبێت مەودای دەنگی كورت بێت و بە پێچەوانەشەو بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا ئەوە خراوەتەڕوو كە ئەوكەسانەی لەرەی دەنگییان (٢٥٠٠ HZ) قەبارەی لەشیان لە نێوان بچووك و ناوەندایە و ئەو كەسانەی لەرەی دەنگیان ( ٢٠٠٠ HZ ) ئەوا قەبارەیان گەورەترە .

٣. باری تەندروستی : ئایا هیچ نەخۆشیەكی زمانیی لە كەسی تۆمەتباردا هەیە بۆ نموونە كاتێك گوێ لە پەیوەندی تەلەفونی ڕفێنەرێك دەگیرێت دەبێت ئاگاداری چەند دیاردەیەك بدرێت لەوانە(زمانگرتنی كاتی ، شیزۆفرینیا ، منگنی ، فسكس ، گۆڕینی دەنگە ئەفریكاتەكانی( ج-چ) بۆ خشۆكی ( ش) ..هتد).

٤. تەمەن : زۆربەی تاوانباران ئەگەر نێربن تەمەنیان لە نێوان ( ٢٠-٤٠) ساڵدایە و هەندێكجاریش ئەم ڕێژەیە زۆربەكەمی سەردەكەوێت بۆ (٥٠) ساڵ هەر یەك لەم تەمەنانەش شێوەی دەنگییان لەیەك جیاوازە واتە بەهۆی دەنگییانەوە دەزانرێت تەمەنی تاوانبار چەندە ئەم شیكارییە بۆ مێینەش دەست دەدات .

٥. ڕەگەز : پلەی دەنگ ( ڕەوتی دەنگ) PITCH LEVELلە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا لەیەك جیاوازە بۆ نموونە ئاست و پلەی دەنگیی ئافرەت بەرزترە لە پیاو ، چونكە دەنگی ئافرەت تیژترە لە پیاو لەلایەكی ترەوە ئەم پلەی دەنگییە بە پێی تەمەنی نێر و مێ و پلەی كۆمەلاّیەتی و ئاستی ڕۆشنبیری دەگۆڕێت لەگەڵ جۆری زمان دەگۆڕێت بۆ نموونە پلەی دەنگی زمانی ڕووسی و عەرەبی بەرزە بەلاّم زمانی كوردی و دانیماركی نزمترن ، بەگشتی ئەم پێوەرە بە ئاسانی ڕەگەزی نێر و مێ لەیەك جیادەكاتەوە لە كاتی تاوانباركردندا پلەی دەنگی پیاو ١١٥ HZ و ئافرەت ٢١٠ HZ .هەروەها گۆنا عومەر ( ٢٠١٣: ٣٩) تایبەتمەندێتییەكانی ئاواز و دروستەی زانیاری بەم شێوەیە دەناسێنێت " تەرزەكانی ئاواز لە فیچەرە ئاوازییەكان ، یان لە نیمچە سیستمەكانی جۆر و هەڵبژاردنە جیاوازەكان پێكهاتوون ، فیچەرەكانی ئاوازیش بریتین لە ( ١. تەرزەكانی ئاواز ، ٢. هێز ، ٣. بڕگە بڕگە كردنی ئاواز ٤. پلەی پێوەری ڕەوت / پلەی دەنگ) ".

٦. دیالێكتی كۆجوگرافی ( كۆمەلاّیەتی –جوگرافی) SOCIOLECT REGIOLECT و شێوەزاری زمانی بێگانە FOREGIN ACCENT تێكەڵدەبن و هۆكارێكی تری دەوڵەمەندكردنی فۆنەتیكی دادوەرین ، چونكە شێوەی قسەكردنی كەسی كە تازە فێربووی زمانێك بێت لە قسەپێكەری زمانی دایك جیاوازن ئەمە سەرەڕای ئەوەی شێوەزاری كۆمەلاّیەتی بەپێی پیشەكان و دیالێكتەكانی هەمان زمان لەیەكجیاوازن ئەمەش ناسینەوەیەكی تر دەبێت بۆ دەستنیشانكردنی كەسی تاوانبار .

لە تاوانەكانی زماندا زمان ڕاستەوخۆ تێوەگلاوە لە تاوانەكەدا و هەندێك جار بەم حاڵەتەش دەگوترێت ژەهراویبوونی ئاخاوتنی Conversational Contamination و ب بۆچوونی Shuy (١٩٩٣) " كەسێك لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە تا چەند و چۆن توشدەبێت و تێوەدەگلێت ، ئەمە زانستی زمانی دادوەری لێكی دەداتەوە و جۆر و بڕی تاوانەكەی دەستنیشاندەكات " دەتوانین كردە ئاخاوتنییە پراگماتیكییەكان بە پێی جۆری

تێوەگلانی تۆمەتبار و تاوانلێکراو دابەشبکەین بۆ چەند چەشنە کردەیەکی ئاخاوتنی ( کردەی فۆرمیlocution Act ، کردەی نافۆرمیIllocution Act ، کردەی ئاماژەی Prelocution Act ) .

| بەشداری قسەکەر و گوێگر | تاوانی هەڕەشەکردن | ئاگادارکردنەوە | ئامۆژگاریکردن | پەیماندان |
|---|---|---|---|---|
| قازانجی قسەکەر | × | | | |
| قازانجی گوێگر | | × | × | × |
| بابەتەکە لە ڕوانگەی پەیپێبردنی قسەکەرەوە | × | | × | × |
| کۆنترۆڵکردنی قسەکەر بۆ دەرەوەی خۆی | × | | | × |
| کۆنترۆڵکردنی دەرەوە بۆ قسەکەر | | × | × | |

خشتەی _ ٢ _ لە لێکۆڵینەوەکانی .CORREA, M وە وەرگیراوە

ئەم بۆچوونە بۆ ئەوەمان دەبات ، کە لێکدانەوەی زمانی لەسەر دوو ئاست کاردەکات لە کەیسە یاساییەکاندا ( واتە کاتی کۆکردنەوەی بەڵگەکان و بونیادنانی کەیسێکی یاسای نەوەك خودی زمانی یاساکە ، چونکە خودی زمانی داڕێژەری یاسا لە( ١. ٢. ٢ دا ئاماژەمان پێدا ) ، هەر لەبەر ئەم بارە پێویستە لە هەردوو ڕۆڵەکەی زمان بدوێین ، کە پەیوەندییان بە تاوانی زمانەوە هەیە ؟

**دووهەم / ڕستەکاری دادوەرییانە** : لە ئاخاوتنی یاسایدا کاراکردنی ڕەهەندی زمان گرنگترین تایبەتمەندێتییەکانی ڕەوانڕۆشتنی پرۆسەی دادگایکردن دەردەخات وەك ڕستەی پرسیاری لە هەردوو فۆرمەکەیدا ( پرسیارلێکردن و ئاشکراکردن) لەم بوارەدا کرۆکی دۆزینەوەی ڕاستی و ڕاستەقینەکانن بۆ نموونە لە هەموو بوارە یاساییەکاندا ئەم چەشنە بەکارهێنانە دەبینرێت بۆ بونیادنانی کەیسە یاساییەکان وەك لە کاتی ( لێکۆڵینەوە ، قۆناغی دادگایکردن ، تەلەفونکردن بۆ فریاگوزاری ....هتد) هەر لەبەر ئەمەشە دەبێت هەندێك تەرز و شێوەی ڕستە زیاتر بەکاربهێنرێن و هەندێکی تریشیان پێویستی بە خۆلادانە وەك ( نەرێکردن ، هەڵگێڕانەوەی بابەتەکان بەتایبەت ئەوانەیان کە زۆر پەیوەندیان بە یەکەوە نییە ، بە ناوکردن ، فرەڕووکاری پرسیاری ، ناڕوونی لە پرسیارکردندا) .

لەپرسیارکردن لە شایەت لە تەمەنەکانی مێردمنداڵییەوە (١١ -١٥ ) ساڵ هەتا دواتر بۆ ئەمەش پێویستە کۆمەڵێك تایبەتێتی زمانی بەکاربهێنرێت لەوانە :

**١. بەکارهێنانی نەرێکردن** : لە کاتی بەکارهێنانی نەرێکردندا دەبێت یەك فۆرمی نەرێکردن بەکاربهێنرێت ، و بەکارهێنانی زیاتر لە نەرێیەك پەشێوی لە پەیپێبردندا دروستدەکات ، چونکە لەکاتێکدا پرسیارکردن بە ئەرێنی دەستپێبکات ئەوا وەڵامدانەوە دروست و ئاشکرا دەبێت بەڵام بەکارهێنانی پرسیار بە شێوازی نەرێکردن وادەکات جەمسەری نەرێکردنەکان لە ڕستە وەڵامدەرەوەکەدا ناڕاست دەبن بەشێوەیەك وادەکات ، کە نکوڵیکردن گرانتربێت ، چونکە وەڵامی نەرێ ( بەڵێ) یە واتە ئەرێکردنە بەڵام وەڵامی ئەرێ دەشێت ( ئەرێ یاخود نەرێ بێت) ئەمە سەرباری ئەوەی وەك ( بکرعمر و ئاڤێستا کەمال ( ٢٠٠٩: ٣٢) دەڵێن ،کە " لە لۆژیکدا گوزارشت و ڕستەکان ، کە نەرێدەکرێن مامەڵەی ڕاستبوون و بەهای ڕاستێتی خۆیان لەدەستدەدەن و ئەمەش وادەکات ، کە ئەنجامەکان ، کە لە ڕێی هۆ و هۆکارەوە دروستبوون پچڕاندنێکیان تێدا بێت واتا ڕیزبەندی نێوان پێشەکییە لۆژیکییەکان و ئەنجامەکان....."‌:

١.أ. تۆ ئەوت کوشت ؟

ب. نەخێر من ئەوم نەکوشت .

پ. نەخێر نەمکوشت .

نکوڵیکردن بە شێوەیەکی ئاشکرا و بێ تەمومژی

٢. أ. تۆ ئازادت نەکوشت ؟

ب. بەڵێ من ئازادم نەکوشت .

ئەرێ + نەرێ ( ئاڵۆزبوون لە پەیپێبردندا )

پ . نەخێر من ئەوم نەکوشت

لە ڕستەی ( ٢. ب) دا لێکدانەوەی وەڵامدانەوە لەبەشی یەکەمدا ئەرێیە ، گەر وەستانێك هەبێت دەشێت وەها لێکبدرێتەوە ، کە کەسی پرسیارلێکراو کەسەکەی کوشتووە هەروەها دەشتوانرێت یاری بە بەڵگە زمانییەکان بکرێت و لە دەوروبەری زمان دابڕێ وەها دەربخرێت ، کە پرسیارلێکراو بکوژەکەیە ( تۆ ئەوت کوشت / بەڵێ/).

لە ڕستەی ( ٢. پ) دا بەدوایەکدا هاتنی دوو نەرێ واتایەکی تر دەگرێتە خۆی و واتای ( من کەسم نەکوشتووە) تێدەپەڕێنێت ، چونکە ئەم ڕستەیە بەواتای ئەوەدێت ( من ئازادم نەکوشتووە بەڵام کردەی کوشتنم ئەنجامداوە بەسەر کەسێکی تردا ) واتە کردەی کوشتنەکەی ئەنجامداوە بەڵام کردەکە بۆ (ئازاد) نەبووە .

٢. **ڕستەی ئاڵۆز** : بەواتای ئەوە دێت دروستەی سینتاکسی لە ( گریمانە و چەمکێك) زیاتر هەڵبگرێت و لە ئەنجامی ئەمەشدا گوێگر زۆر بە گران دەتوانێت وەڵامێکی دروستبداتەوە .

٣. أ. تۆ لەبەرئەوەی سەخۆشبویت سەرسمت یابوو یان کەوتبویت .

ب. تۆ کەوتبوویت یان هەڵخلیسکابوویت ؟ بۆیە واشت لێهات ، چونکە سەرخۆشبوویت و کۆنترۆڵت لە دەستدابوو. ( ڕستەی پرسیار + ڕستەی هەواڵدان + هەڵبژاردەی زۆر و گریمانەکاری )

أ. تۆ گەنجێکی سەرکێش و بێجڵەویت هەرچەندە خانەدانیشیت .( تێکەڵکردن و ئاڵۆزی لە دەستنیشانکردنی

دیارخەرەکاندا )

لە ڕستەکانی ( ٣ . أ . ب . ت ) دا چەپکێك سکیمای ئاماژەیی بەناویەکداچوو دەبینرێتەوە ، کە دەبنە بەربەست لەبەردەم ڕەوانی پڕۆسەی پەیپێبردن و تێگەیشتندا .

٣. **پێشکەوتەکان** : پێشکەوتەی ( ئینجا ، ئێ) So-Prefaced : لە زمانی کوردیدا بۆ بیرخستنەوە ، بەردەوامبوون لە ئاخاوتن و دروستکردنی بەڵگەکان بەکاردێت هەروەها بۆ هەڵسەنگاندن و پێکەوەنوسانی بەڵگەکانیش بەکاردێت بۆ نموونە :

٦. أ. ئینجا ( ئێ) قسەکردنەکانمان دەربارەی X بوو دواتر ؟

ب. بەڵێ

أ. ئەو ( X ) چی لە تۆ کرد ؟ ، تا تۆ بچیت دژی ناپاکی لەگەڵ ( Y) دا بکەیت .

ب. هە..مم

أ. (Y) بە ڕازیبوونی خۆی پلانەکەی لەگەڵتا گێڕا یان بەبێ ڕازیبوونی و لە بێئاگاییەوەبوو ؟ بالآنس و هەڵسەنگاندن

ب. نەخێر بە ڕازیبوون و بە ئاگاداری خۆی بوو .

بەڵام پێشکەوتەی (( و) And –Prefaced) بەڵگەکان ڕێزدەکات بە پێی ڕوودانیان هەروەها هەندێك لەو بەستنەوانە زیاتر تاوانبار گینگڵدەکات و تێوەی دەگلێنێت .

٧. أ . ئەو (Y ) و تۆ بەیەکەوە دزیەکەتان کرد و ویستان دواتر شتەکان بفرۆشن بە ( X ) .

ب. ئمم ( بەڵێ) و هەر ئەویش پێی وتبووین ،کە بچین شتەکان بدزین ..

أ. ئایا ئەو پێی وتن ، کە نایەوێت خۆی لەگەڵتان بێت و تەنها شتەکانتان بۆ ساغدەکاتەوە .

ب. ئەو ( X ) وتی ، کە دوکانی هەیە و ئەو ئیشانە دەکات .

لەڕستەی (٧.أ.ب)دا چەندین دووبارەکردنەوە و بەکارهێنانی پێشکەوتەکان هەبووە ،کە چەند تایبەتییەکیان هەیە:

١. پێشکەوتەکان بۆ مەبەستی بەردەوامبوون بەکارهاتوون ، تاوەکو لە ڕێگەیانەوە تۆمەتبار بەردەوامبێت لە ئاخاوتن و بونیادی کەیسەکە کامڵ ببێت .

٢. لە ڕووی ڕێزمانییەوە پرسیارەکان خۆیان پاراستووە لە وەڵامی کورتی وەك ( بەڵێ) و ( نەخێر ) لەبری ئەوە ئەم پێشکەوتانە هەوڵیانداوە ڕێگە بۆ وردەکاری ( تفاصیل) زیاد بکەن و بۆشاییەکانی کەیسەکە پڕبکەنەوە لە ڕێگەی وشەکانی ( ئەو پێی وتین ، بیدزین ، دوکانی هەیە ، ئەو ئیشانە دەکات )

٣. دووبارەکردنەوەی کەرەستە وەرگیراوەکان و دووبارەکردنەوەی بەڵگەکان بەهۆی پێشکەوتەکانەوە.

٤.ئەمەش دەمانگەیەنێتە سەر شێوازی جەختلێکردنەوە و دانپێدانانی تەواو.

٤. ئاوەڵکردا : بەکارهێنانی ئاوەڵکردارەکان واتای جیاجیا دەگەیەنن بۆ ئەمەش لە لێکۆڵینەوەی واتاکان لە تاوانە زمانییەکاندا ئادڤێربڵەکان ڕۆڵی گەورە دەبینن لە دیاریکردنی وردەکارییەکانی تاوانەکاندا بۆ نموونە :

أ. هەندێك ئاوەڵکردار دەبنە هۆی دەربڕینی شێواز لەمەشەوە شێوازی زمانەکە جۆری تاوانەکە دیاریدەکات بۆ نموونە ( بە کورتی ، بە ڕاستی ، بە ڕاستگۆیانە ، بۆ ئەوەی ڕاستی بڵێین ، لە ڕاستیدا ...) هەروەها ئەو ئاوەڵکردارانەی پەیوەندییان بە بارودۆخ و شێوازی دەربڕینەوە هەیە وەك ( بە وریاییەوە ، زۆر بەڕوونیی ، بە پاکییەوە ، بە ڕێزەوە ، بە دەسیسەوە ...هتد)

ب. هەندێك ئاوەڵکردار حاڵەتی ئەبستمی دروستدەکەن وەك ( لوژیکیانە ، مەعقولانە ، مەنتیقی ، پەیوەست بەدەقەوە ، بە سروشتی ....)

پ. هەندێك ئاوەڵکردار Hedgeپەرژین دروستدەکەن : بۆ نموونە ( زۆربەی کات ، وا دەردەکەوێت ، قسەی زیاتری لەسەرە ، جێگەی مشتومڕە ، زۆربە قورسی ، وەکو ئەوەی ، بە گەورەی ، ڕەنگە ...هتد)

ت . ئاوەڵکرداری بەستەرەوەی : وەك ( لە ئەنجامدا ، هەرچەندە ، لەبەرئەوە ، هەرگیزاو هەرگیز ، لە تێهەڵکێشراوی ئەم بابەتەدا ..)

**١.١.٢) چێوە و گێڕانەوەی زمانیی لە کەیسە یاساییەکاندا:** بریتییە لە لێکدانەوەی زمانی ناو کەیسە یاساییەکان بۆ گەیشتن بە ڕاستی و ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی ناو کەیسەکان و خۆی لە گێڕانەوەی رووداوەکان و وەرگرتنی شایەتی لە شایەتەکاندا و بەدواداچوونی پۆلیس بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکان دەبینێتەوە دواتریش پێشکەشکردنیان لە ڕێگەی زمانەوە وەك کەیسێکی چوارچێوەدراو .

لە ڕاستیدا ئەم حاڵەتە لە پرۆسەی یاسایدا بە کارلێکردنی ڕەگەزەکانی تاوانکردن و گێڕانەوەیان دەناسرێت و (Coulthard, E ( ٢٠١٠ : ١٢ پێی وایە ، کە ئەم بونیادنانی کەیسە لەبەر ڕۆشنای زماندا و بەهۆی زمانەوە وابەستەی سێ بابەتە:

١. پێکەوەگونجان Asymmetry

ئەم زاراوەیە بۆ ژێرخان و مەرجەکانی دیالۆگ بەکاردەهێنرێت و (Luckmann&Linell( ١٩٩١:٤ پێمان وایە " جیاوازییەکانی دابەشبوونی ئاخاوتنەکان لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دەگرێتەوە و دابەشبوونەکانیش پەیوەستن بە کۆزانیاری و پلە و پایەی کۆمەڵایەتییەوە ، لە ڕاستیدا ئەم گونجانە هەژموونی بە جیهانیبوون و گەردوونیی هەیە هەروەك چۆن تایبەتێتی ناوخۆی و هەرێمیشی هەیە وەك ڕۆڵگۆڕینەوەی نێوان قسەکەر و گوێگر " ، هەر لەبەر ئەم هۆکارانە پێویست دەکات هەموو پێکەوەگونجاندنەکانی کەیسێك ڕەچاوی چەند بنەمایەك بکات لەوانە :

أ. چەندێتی Quantitative: ئەم بنەمایە گرنگی دەدات بە پەیوەندی نێوان پارچەکان واتە چەندێتی قسەی دەربڕاو و زانیاری بەخشراو .

ب. کارلێکردنی ناوەکیی Interactional: ئەم بنەمایە لە جەستەی کەیسێکدا کار لەسەر دوو دابەشبوون دەکات بەهێز و بێهێز ، واتە تاچەند پەیوەندی وشە و ڕستەکان لە پێکەوە گونجاندنەکەدا بەشێوەیەك دەبن تامەزرۆبوونی گوێگر بۆ وەرگرتنی زانیاری پڕدەکەنەوە .

پ. هەژموونی واتایSemantic Dominance : گرنگی بە سەرتۆپی بابەتەکانی ناو گوتار و کەیسەکان دەدات و هەوڵدەدات سەرنج و تێڕوانینەکان و ئەو شتانەی دەوترێن لەلایەن ( قسەکەر و گوێگر)ەوە هارمۆنێتییەکیان هەبێت و پێکەوە لەسەر یەك مەودای گەیاندن بن .

٢. بار و تێگەیشتنی گوێگر Audience

ئەم بنەمایە خۆی بە یاسایەکی سەرەکییەوە دەبەستێتەوە ، کە ئەویش بریتییە لە ( کێ قسەدەکات و بۆ کێ قسەدەکات ) و شێوازی پرسیارکردن و هونەری کۆکردنەوە و ڕیزبەندی وەڵامەکانە بۆ گەیشتن بە بەڵگەکانی تاوان لەڕێگەی زمانەوە

٣. دەوروبەر context

زوربەی کات دەربڕینەکان بەهۆی شوێنی وتنەکانەوە واتاکانیان دەدۆزێنەوە ئەمەش پێی دەگوترێت واتای پراگماتیکی ، کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واتای کۆمەڵایەتی و واتای ویستراو بە هۆی هێمایەکەوە جێگەی گیراوەتەوە و گەیەنراوە و هەر بە هۆی شوێنەکانیانەوە لەسەرجەمی دەق و کەیسەکاندا دەناسرێنەوە ، چونکە بەهۆی هێماوە شوێن لە دوونیای ڕاستەقینەوە وەرگیراوە و لە زمان و بیرداجێگیرکراوە واتە لە کەیس و گوتن و ڕەفتارەکانماندا دەڤیانگرتووە دەتوانین ئەم سێ ڕەگەزە( پێکەوەگونجان ، گوێگر ، دەوروبەر ) بۆ نموونە لە حاڵەتی ( ساختەکاریدا) وەك لە (کەیسی یەك)دا شیبکەینەوە :

**کەیسی یەك :**

" من ماوەی دوو مانگ دەبێت ، کە هاتوومەتە خاکی هەرێم لە کۆمپانیای ( —) کاردەکەم و هاتنی من لە ڕێگەی کەسێکەوە بوو ، کە برادەرە و ناوی ( ه) ە ، کە ئەویش لەوێ کاردەکات سەبارەی بەو (١٠٠$) تەزویرەی ، کە بە من گیراوە ( ٤) ڕۆژ بەرلە ئێستا لە خاوەن کارەکەم (٢٠٠٠٠٠) ی عێراقیم لێوەرگرت بە مەبەستی ئەوەی بڕۆم بۆ بازاڕ ، کە هەندێك دیاری بکڕم چونکە بە نیازی ئەوەبووم کەوا بگەڕێمەوە بۆ( ئـ) و..... بڕی ( ٤٠٠٠٠) دیناری عێراقیم دا بە ( ه) و ئەویتر بە خۆم مایەوە دواتر ڕۆشتم بۆ بازاڕ کەمێك دیاریم پێکڕی و ئەوی تری بە خۆم مایەوە و ئەو (١٠٠$) م پێکڕی دواتر گەڕامەوە بۆ کۆمپانیا و ئەم (١٠٠$) م پیشان بە هاوڕێکانم دا

وتیان تەزویرە دواتر لەگەڵ( هـ، ئا) دا ڕۆشتین بۆ ئەو شوێنەی ، کە (١٠٠$) لێکڕیبوو بۆ ئەوەی بیدەینەوە بەڵام کەس لەو شوێنە نەمابوو"

**لە کەیسی ( ١) دا**

١.شیکردنەوەی یاسایی: بریتییە لە خۆبەستنەوە بە مادەی (٢٨١) ( ساختەکردن) ب

٢. شیکردنەوەی زمانی: دەتوانرێت زنجیرەبەندی ڕوودانی کردارەکان وەك بەڵگەی زمانی لێکۆڵینەوەی و دەرخستنی ئەو بۆشاییانەی ،کە لە ڕیزبەندی و بیرکردنەوەی تۆمەتبارەکەدا هەیە بەکاردەهێنرێت بۆ نموونە:

**ڕەگەزی یەکەم / پێکەوەگونجان** : لە ڕوانگەی درککردن و هەستی گشتییەوە وشەکانی ***(بڕۆم بۆ بازاڕ ، بڕی (٤٠٠٠٠) دیناری عێراقیم دا بە ، کەمێك دیاریم پێکڕی ، ئەو (١٠٠$) م پێکڕی*** ) نەشیاوییەك لە پێکەوەهاتنی لۆژیکی و سیمانتیکیدا دەخەنەڕوو ئەمەش لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی پەیوەندی سایکۆلۆژی ئاوەزی وشەکان بەیەکەوە و قەبارەی پێکەوەبوونیان نەگونجاو دەردەکەوێت بەواتایەکی تر بڕ و قەبارەی بەکارهاتووی پارە لەگەڵ وشەکانی ( دیاریکڕین و پێدانی پارە بە هاوڕێکەی و گۆڕینی بڕێك پارە لە دیناری عێراقییەوە بۆ دولار) ناگونجێن ، چونکە بڕی پارەی بەکارهێنراو کەمترە لە ژمارەی ئەو کردانەی ، کە تۆمەتبار ئەنجامی داون.

لە لایەکی ترەوە پێکەوەگونجانی ئەم کەیسە لەڕووی زمانەوە چەند مەرجێکی تێپەڕاندووە وەك

ب. هاوبەشێتی زانیاریی لە نێوان خەڵکیدا Commonality( دیاریبردن و هەدییەکردن پارەی زۆری دەوێت نەك کەم، کە ئەمەش زانیاری هاوبەشە لە نێوان خەڵکیدا

ت. گۆڕینەوەی کۆزانیاریی Mutuality

**ڕەگەزی دووهەم / بارو تێگەیشتنی گوێگر** : گۆڕین لە بارودۆخدا Reciprocity: ( بۆنموونە گۆڕینی بارودۆخی ڕێز لە نێوان قسەکەر و گوێگردا )و چۆنێتی ڕێکخستن چیرۆك بۆ بەدەستهێنانی باوەڕی بەرانبەر .

**ڕەگەزی سێهەم / دەوروبەر** : لە کەیسی ( یەك) دا تۆمەتبار شوێنی خۆی و ئاخاوتنەکانی دەزانێت و دەزانێ چەند و چۆن لەو دەروبەرانەدا شێوازی قسەکردنەکانی ڕێکدەخات و وەهاش خۆی نمایشدەکات ، کە ستەملێکراوە ئەویش لەڕێگەی پیشاندانی پلە و پایەی دادگا و زانینی ئەوەی چ قسەیەك بۆ چ شوێنێك دەستدەدات .

٢. ١ .٢. **چەشنی تاوانەکانی زمان** : ئەم چەشنە لە لێکدانەوەی زمانیی بنەمای ڕوودانی هەندێك لە تاوانەکانن واتە هۆکاری دروستبوون و پاڵپێوەنانی تاوانەکانن و لێرەدا جەخت دەخرێتەسەر ئەوەی کێ لەسەرەتاوە بابەتەکە ( بابەتی تاوانەکە) دەکاتەوە و چەشن و جۆر و بڕی وەڵامدانەوەکان لەلایەن کەسی کارتێکراوەوە بە چ شێوەیەك ڕەنگدەداتەوە واتە کاردانەوەکە لە سەر کام لەم ئاستانە دەبێت ( کارەکی و ڕەفتاری ، زمانی و وەڵامدانەوەی ئاخاوتنی ، ڕەفتاری نازمانی وەك بێدەنگی و دەربڕینی هەندێك دەنگی وەك ئەهـ ..ئەهـ ، پڕکردنەوەی بۆشاییەکان) .

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە جێگەی سەرنجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، چونکە تاوانە زمانییەکان بەهۆی لێکدانەوەی زمانییەوە باشتر لێتێگەیەنراودەبن ، چونکە زمان بواری کارکردنی زمانەوانە و ئەوان دەزانن ،کە :

١. گوێ لە چی دەگرن لە ناو ئاخاوتندا

٢. بە دوای سەربابەت و کرۆکدا دەگەڕێن ،

٣. بە دوای ئەو بابەتەدا دەگەڕێن ، تاوانبارەکە دوای فەرامۆشکردنی لە کوچە و کەلەبەری قسەکانیدا باسیلێوەدەکات ، کە پێی دەگوترێت بەرهەمهێنانەوەی بابەت Topic Recycling ،

٤. دۆزینەوەی ستراتیژەکانی وەڵامدانەوەResponse Strategies ( خۆگێلکردن ، ڕاستەوخۆوەڵامدانەوە....هتد)
٥. تەرزەکانی پێبڕین Interruption Pattern
٦. تۆنە مارکەلێدراوەکان
٧. مەودای درێژی وەستانەکان
٨. دروستەی ئاخاوتنەکە
٩. کردە ئاخاوتنیەکان

چەندین جۆر تاوانی زمانی هەن بە هۆی لێکدانەوەی زمانییەوە دەتوانرێت بکەرەکانیان بناسرێنەوە و هەندێك لە شاراوەیی و تەمژییەکانیان ڕوونبکرێتەوە .

**٢ . ٢ . ١. تاوانی زمانیی ( هاندان لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە)**

جۆرێك لە جۆرەکانی تاوانی زمانی خۆی لە چاندنی بیری نێگێتیڤی و هاندانی کەسێك بۆ کەسێکی تر دەبینێتەوە بەمەبەستی کردنی کردەیەك جا ئەو کردەیە ( کوشتن ، جنێودان ، پەلاماردان ، پەشێوینانەوە ، لێکجیابوونەوە ، دزیکردن ، پیاوکوشتن ...هتد) بێت ، لەم تاوانەدا زمان کەسێك ئاڕاستەدەکات بەرەو شتێك و پاڵپێوەدەنێت بۆ ئەوەی هەستێت بە جێبەجێکردنی کارێك و هەندێك جار وشەی ( پێکردن )یشی بۆ بەکاردێت .

هاندان وەك کردەیەك هەرچەندە بۆ هەردوو دیوی ( ئەرێنی و نەرێنی) یش بەکاردێت بۆ نموونە لە ئەرێنی بەکارهێنانەکەیدا هاندانی کەسێکە بۆ کاری چاکە و هێنانە دەرەوەی توانا شاراوەکانی بۆ کردنی کاری (چاکە) ، بەڵام لە دیوەکەی تریشیدا هەمان کردەی زمانی دەتوانێت کەسێك ئاڕاستە بکات بەرەو کاری (خراپە).

لەڕاستیدا پاڵپێوەنان وەك چەشنێك لە کردەی هاندان بریتییە لە (دروستکردنی بیرۆکەی تاوانێك و داڕشتنی پلانێك بۆی لە ئاوەزی کەسێکدا ، کە پێشتر ئەو کەسە هزری خاڵی بووە لەو بیرۆکەیە یان دوودڵبووە لە کردنی ئەو کارە ) ، بۆچوونی فهد بن مبارك العرفج (٢٠٠٦ : ٢٠) لەسەر هاندان بریتییە لە" هاندان ناردنی زانیارییە بە شێوەی شاراوە بۆ کەسێك و لە چێوەدانییەتی بۆ ئەوەی کارێکی ترسناك بکات " هەر بۆ ئەم بابەتەش دوو جۆر بکەری جیاکردووەتەوە :

أ. بکەری مەعنەوی : ئەم جۆرە بکەرە بەهۆی زمانەوە کارێك بەکەسێك دەکات ، کە چاکەی خۆی لەو کردەیەدایە کە کەسە هاندراوەکەی پاڵپێوەناوە بۆی ،

ب. بکەری هاندراو : کەسی هەستاوە بە کردەی هاندانەکە و ڕەنگە چاکەی خۆی تێدا نەبێت و بابەتەکە پەیوەندی بە کەسی هاندراوەوە هەیە نەك هاندەرەکە .

هەندێك لەو زاراوانەی ، کە بەکاردەهێنرێن وەك هاوواتای هاندانی زمانی :

١. بانگهێشتکردن : بانگەشەکردنە بۆ کارکردن و حەزپێکردنی کارێك ،
٢. تیلنیشان : ئاماژەپێدانێکی نا ئاشکرایە بۆ بابەتێك یان شتێك ،
٣. خۆشەویستکردن : خۆشەویستکردنی شتێك ئەوەیە ، کەلەبەرچاودا پەسەنکراوبێت ،
٤. ئامۆژگاری : ئامۆژگاریکردن و ڕێنمونیکردن دەگرێتەوە ،
٥. دەستخۆشیکردن : ئەمەش ئازایەتیخستنەبەر کەسێکە ،کە وایلێبکرێت جارێکی تر کاری لەوشێوەیە دووبارە بکاتەوە .

**کەیسی دوو:**

" ماوەی هەشت نۆ مانگە لە کۆمپانیای ( س ) دامەزراوم.... لەوێ کچێکی لێبوو خێرا بوو بە ڕەفیقم و ناوی ( ب) ە ، دوای ماوەیەك نزیکەی ( ٥-٦) مانگ ( ب) هەنێك قسەی دەکرد زۆر تێنەدەگەیشتم ئەیەوێت بڵێت چی و هەموو جارێك ئەیوت من هاوڕێی ترم هەیە ، کە حەفلەی خۆشدەکەن هەندێك جار تا بەرەبەیان لەو حەفلانەین ، ئەو هاوڕێیەم بە ناڕاستەوخۆ جارجار باسی بەعزێك (شتی) دەکرد .....هەفتەی پێشوو منیشی دەعوەت کرد و چووم لەگەڵیا سەعات (٦)ی ئێوارە و .....ئەنواع خواردن و مەشروبیان دانابوو ....ئەوەنە ئەزانم زۆر ئاگام لە خۆم هەبوو.. نەبوو ، درەنگانێك نزیکەی سەعات ( ١٢) بەتەواوی بە ئاگا هاتمەوە بە خێرای ڕۆشتمەوە بۆماڵەوە و دایکم کردی بە دەنگە دەنگ ......ئەمم چوار ڕۆژ دوای ئەوە هاوڕێکەم هات و پارەیەکی بۆ هێنابووم وتی دوو سبەی شەوەکەی حەفلەیەکی تر هەیە ئەچین بۆ ئەوێ وتم بە خوا دایکم ناهێڵێت ، ئەویش وتی دایکت لەسەر من و ئەڵێم ئیشی کۆمپانیامان هەیە ،وتم ئەی ئەو پارەیە چییە وتی شتێکە بۆ گیرفانت ئەمجارە زیاتر ئەبێت و وتی ئەبێت لەگەڵ ( ت) دا ئەمجارە دابنیشیت و (هاوڕێیەتی) بکەیت ئەو زۆر تۆی بە دڵە و ڕەنگە بتهێنێ ، هەمویان لەوێ ئەبن... ئیتر ئەوەبوو ئێوە هاتن و لەوێ گرتانین)

کەیسی (دوو) بە دوو چەشن شیکردنەوەدا تێدەپەڕن ، کە بریتین لە شیکردنەوەی یاسای legal interpretation و شیکردنەوەی زمانیی Linguistics interpretation .

١. **شیکردنەوەی یاسای:** بریتییە لە ماددەی ( ٧ ) واتە (بەگژداچوونەوەی لەشفرۆشی )

٢. **شیکردنەوەی زمانی** : خودی زمانەکە ١. بونیادنەری کەیسەکەیە ٢. تاوانی لەڕێگاوە پێ ئەنجامدراوە بەو واتایەی ، کە بۆشایی کەیسەکە لە ئەنجامی بۆشاییە(سایکۆلۆژییە زمانییەکان) و (درككردنەزمانییەکان ) دەردەخرێن بۆنموونە تۆمەتبار لە پلەی یەکەمدا هەندێك دەستەواژە بەکاردەهێنێت بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی لە کەیسەکەدا وەك ( هاوڕێکەم ، ئەو وتی ، هات ، وتی دایکت لەسەر من....) ، بەڵام ئەو تاوانە زمانییەی لێرەدا و لەم کەیسەدا ڕوویداوە بریتییە لە ( هاندان بۆ ئەنجامدانی کارێك ) ، کە لێرەدا هاندانەکە بریتییە لە ( کردەیەکی خۆفرۆشی ) و خۆی لە ڕستەکانی (ئەویش وتی دایکت لەسەر من و ئەڵێم ئیشی کۆمپانیامان هەیە ، وتی شتێکە بۆ گیرفانت ئەمجارە زیاتر ئەبێت ، وتی ئەبێت لەگەڵ ( ت) دا ئەمجارە دابنیشیت و (هاوڕێیەتی) بکەیت ..) هەروەها لێرەدا ( هاندان ) لە پێکەوە هاتنی کەیسەکەدا خۆی دەبینێتەوە لە چۆنێتی خۆخزاندنی پێکەوەهاتنەکان بۆ نێو دەقەکان ئەویش لە ڕێگەی مەرجە ناوەکییە شاراوەکانEndogenous و دیاردە ئاشکراکان Exogenous.

دەوروبەری زمانی هەردوو کەیسەکە ( یەکەم و دووهەم ) لە ڕێگەی زانیارییە زمانییە ڕێزمانییەکان Micro contextو دەوروبەری واتای کۆمەڵایەتییەوە Macro Contextجێبەجێکراون .

هەر لەم کەیسەدا ( دووهەم) گەیاندنی واتا بە دوو شێوە بووە :

١. شێوازی ڕاستەوخۆ: لێرەدا واتای سیمانتیکی و واتای فەرهەنگی کاریکردووە و قسەکەر بیرەکانی وەك خۆی و بەهۆی واتای درككراوی سیمانتیکییەوە گەیاندووە بۆنموونە( گێڕانەوەی چۆنێتی کارکردنی لە کۆمپانیاکە و گرتنی هاوڕێیەتی و هەتا تێوەگلانی لە تاوانەکە ) هەروەها ( هەڵوێستی دایکی ) ئەمانە ڕاستەوخۆ ڕستەکان ئاماژە بە واتاکانیان دەدەن ئەم پشتبەستنە بە واتای سمانتیکی زیاتر قسەکەر نزیکدەکاتەوە لە ڕاستی و قسەکانی ڕاستگۆیانەتر دەردەکەون .

٢. شێوازی ناڕاستەوخۆ : ئەم شێوەیە خۆی لە گەیاندنی پراگماتیکیدا دەبینێتەوە ، کە تێیدا قسەکەر دەیەوێت دەروازەیەك بۆ خۆدزینەوە بدۆزێتەوە و کۆمەڵێك واتای تەمومژاوی بدات بەمەبەستی پاساوهێنانەوە لەهەمانکاتدا بەخشکەی تاوانبارکردنی هاوڕێکەی ( هەرچەندە تاوانبارکردنی هاوڕێکەی هەندێك ڕووی ئاشکراشی هەیە ) هەروەها ئەم چەشنە واتایە گریمانەی زیاتر لە خۆی کۆدەکاتەوە بە تایبەت ، کە قسەکەر هەندێك وردەکاری دەخاتەڕوو و زیاترە لە پێویست بەمەش مەرجی گونجانی پراگماتیکی ( چەندێتی ) دەبەزێنێت و بەخشکەی دەربڕین دروستدەکات وەك (هەنێك قسەی دەکرد زۆر تێنەدەگەیشتم ، دەعوەت کرد و چووم لەگەڵیا سەعات (٦)ی ئێوارە و .....ئەنواع خواردن و مەشروبیان دانابوو ، پارەیەکی بۆ هێنابووم وتی دوو سبەی شەوەکەی حەفلەیەکی تر هەیە ) هەر ئەم حاڵەتی ناڕاستەوخۆییە لە واتادا کەسی تۆمەتبار هێز پەیدادەکات و دەتوانێت باشتر خۆی بشارێتەوە و لە هەمانکاتدا ئەم ناراستەوخۆییە لە واتادا چەندین واتای پەیوەندیدار چالاکدەکاتەوە بەشێوەیەك تۆمەتباردەتوانێت یاری بە چەشنی بیرکردنەوەی پرسیارکەر بکات و هزری پەرشوبڵاوبکات و لە خاڵە بنجییەکە دووری بخاتەوە ، کە بریتییە لە تاوانباربوونی بۆ نموونە (هەنێك قسەی دەکرد ، جارجار باسی هەنێك (شتی) دەکرد ) ، مە ئەم جۆرە دەربڕینانە چەندین بیر بەخۆیەوە دەبەستێت وەك (هەندێك )

أ. وەك ڕادە چەندە زۆرە یان کەم ب. . جۆری قسەکان چین پ . گەر کەم بێت یان زۆر کاریگەرییەکەیان بەچ چەشنێکە . ت. ئایا تا چەند لای تۆمەتبار ئەم قسانە جێی سەرنج بووە ...هتد .

بۆ ئەمەش دەتوانین لوژیکیانە بە چەند فۆرمێکی گشتییەوە بیانبەستینەوە :

هەڵگری بابەتی ١. ناوەرۆکی ( S بریتییە لە p )

٢. فەرمانکردن ،کە X دەیەوێت Y کردەیەك بکات

q لەگەڵ هێزیp ١. ئەنجام گەیاندن ، تۆمەتبارکردن ، گریمانەکردن ، هەڵهێنان

٢. فەرمانکردن ، داخوازی ، ئامۆژگاریکردن ، نوێژودوعا ، داوەتکردن ، پێدان و بەخشین

تێڕوانینەکان بۆ کردە فۆرمی و نافۆرمییەکان لە چەشنی ڕستەیەکی وەك پرسیارکردندا ( کە مەبەست لێیان هاندان و چاندنی بیرێکی تاوانکارانەیە ) بۆ پرسیاری وەڵامدەری ( بەڵێ و نەخێر ) یا پرسیاری وەڵامدەری (ئامرازەکانی پرسیار ( ئامرازەکانی کاف( کێ ، کام ، کوێ ، کەی ، کوا ) ) پێویستیان بە چەشنە لێکدانەوەیەکی لوژیکی لەم شێوەیە بوو :

- Sدەڵێت ، کە بابەتەکە P یە ،
- S دەڵێت ، کە H دەتوانێت P بکات .
- Sپرسیار دەکات یان داوا دەکات ، کە H وەڵامێك یان ڕەفتارێك بنوێنێت کە دەریبخات P چییە .

لە کەیسی دووهەمدا پێویستە لە :

١. بڕی پێدانی ڕوونکردنەوە بڕوانرێت وردەکاری ( بەشێك لە ئاخاوتنەکان وەك درۆ دەردەکەون)،

٢. کورتکردنەوەی هەندێك لە دەربڕاوەکان وەك ( هەندێك قسەی دەکرد...) دەبێتە هۆی دروستبوونی گریمانەی زۆر و ئەمەش وادەکات ڕستەکان ئاڵۆزبن و پشت بەیەك دەبەستن لە واتاکانیاندا،

٣. هێزی ڕاستی و ڕاستەقینە لە ئاخاوتنی ڕاستەوخۆدا زیاترە و بۆ دەرهێنانی ئەم چەشنە هێزە بۆ کەسێك ،کە دەیەوێت خۆی بشارێتەوە بەهۆی گوزارشتە ناڕاستەوخۆکانەوە هێزی خۆ حەشاردان پەیدادەکات ،

٤. بیرکەوتنەوەی دەستەواژە و وشە بیرکەوتووەکان پنتی گرنگن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو وێنەی دروستکراو لەسەر کەیسەکە ،

٥. جەختلێکردنەوە لەسەر ( ئەو کچە= هاوڕێکەی ) پێدانی پاساو و دۆزینەوەی کەسێکە ، کە دەیەوێت تاوانەکانی خۆی بخاتە سەری و بەمەش قسەکەر دەیەوێت لە شێوەی بەخشکەی دەربڕینی پراگماتیکیدا کەسێکی تر وەك تاوانبار پێشکەشبکات و لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیشەوە هەموو کەسەکانی تر تاوانبار دەکات.

هەروەها لە تاوانی ( هاندان) دا دوو چەشن وێنەی ئاوەزی لە لایەن ( هاندەر) ەوە بۆ ( هاندراو) دروستدەکرێت ، کە ئەوانیش بریتین لە :

أ. وێنەی خودی لە تاواندا : لەم بارەدا کەسی هاندەر تەنها وەك بکەری مەعنەوی لێدێت و خۆی بەشدار نابێت لە کردەی تاوانەکەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە وێنەکەدا دەرناکەوێت بەڵکو وێنەکە تەنها کەسی هاندراوی تێدایە

ب. وێنەی بەشداریکردن لە تاواندا : کەسی هاندەر بە کەسی هاندراو ڕادەگەیەنێت ، کە بۆ کردنی کارەکەی ئەمیش یارمەتی دەدات و تەنها لە وێنە هزرییەکەدا بکەرێکی پەیوەندیدار نابێت بەڵکو دوو بکەری پەیوەندیدار دەبێت و هەندێك جار لەم چەشنە ڕێککەوتنەدا جیاوازی نییە لە نێوان واتای ڕاستەقینە و وێنەی بەشداربوونەکە وەك کەیسی (دوو)دا ، کە هاوڕێی ( کچەکە ) ئەم چەشنە هاندانەی کردووە هەروەها لە حاڵەتی هاندان بۆ وەرگرتنی بەرتیل (کەسی تاوانبار هەم هاندەرە و هەم بەشداربوو) ئەم چەشنە وێنەیە بە دوو چەشن ئاخاوتن دەردەبڕێت :

١. بەشداریکردنی هاندانی بنەڕەتی ٢. بەشداریکردنی هاندانی فرەیی

لە کەیس دووهەمدا پاش ئاشکرابوونی ( هەڕەشەی کوشتنی لێکەوتووەتەوە ، کە ئەمەش تاوانێکە بە وردی لە سەرجەمی تاوانە زمانییەکاندا دەیخەینەڕوو ) بەم شێوەیە هاندانی کوشتنی ( تاوانباری کەیسی دووهەم لەسەر زاری تۆمەتبارەکەوە ( کە کچێکی تۆمەتبارکراو بوو بە خۆفرۆشی) :

– A : هەرکەسێك کارێکی لەوشێوەیە بکات ئاکامەکەی هەردەبێت بکوژرێت ، بۆ ئەوەی شەرەفی عایلەکە بشورێتەوە . ⟶ ( هاندانی بنەڕەتی )

– B : بێگومان وایە

– C : لە کلتورا وا باوە

– D : ڕەنگە وابێت ، کارەکەمان سەختە ( هاندانی فرەیی )

– E : بێدەنگی

– F : من نازانم

جۆری ڕستەکان و مەرجە ڕاستەقینەکانیان سەختی بەشداریکردن و قوڵی واتای گەیاندراو جیادەکاتەوە .

### ٢ . ٢ . ٢) تاوانی زمانیی ( نامەی ڕفاندن )

کردەی ڕفاندن ( چ مرۆڤ بێت یان لە هەندێك باردا گیانلەبەر یان شتێکی گرانبەهابێت وەك دیکۆمێنتێك ) و لەبەرانبەر گەڕانەوەیدا تاوانبار داوای بڕێکی گەورە پارە بکات ، ئەم چەشنە تاوانە یەکێکە لە تاوانە گەورەکانی، کە یاسا سزای توندی لەسەر دەردەکات پەیوەست بە زمانەوانی دادوەریانەوە لە زۆرێك لە کاتەکانی ڕفاندندا

ڕفێنەر هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی کەسانی پەیوەندیدار بە ( کەس یان شت) ەکەوە زۆربەی کاتەکان لە شێوەی پەیوەندی تیلیفۆنی یان نامەدا دەبێت ، بۆ ئەم کارە پێویستە

١. زمانی گێڕانەوەی لێکۆڵەر و ڕاستییە کۆکراوەکان لەیەك جیابکرێنەوە ،

٢. زمانی خودی بەڵگە نوسراوەکان دیاریبکرێن ، چونکە لایەنی زمانەوانی هەردوکیان لەیەك جیاوازە هەربۆ ئەمەش (١٤٩ :٢٠٠٤) Olssen دەڵێت " لە لێکۆڵینەوەی نامەکانی ڕفاندندا دەبێت ناوەرۆکەکان سێماتیکی بن و پەیوەست بن تەنها بە خودی نامەکەوە "

کاری لێکۆڵەری زمانیی ئەوەیە جێپەنجەی تاوانبار لە کەسانی دیکەی نزیکی تاوانەکە جیابکاتەوە ئەمەش بەمەبەستی ناسینەوەی تاوانبار خودی ئەم کارەش بەهۆی چەند ڕێگایەکەوە دەبێت :

١. جیاکردنەوەی دەستخەتی نوسراوەکە یان فۆنتی کۆمپیوتەری بەکارهێنراو،

٢. بەکارهێنانی وشەکان بە تایبەت دووبارەکراوەکان یان ناوازەکان و ئەوانەی جێگەی سەرنجن ،

٣. شێواز و تەرزی نوسین.

٤. هەڵەی و ڕێنووس ( ئیملا).

لە پەیوەندی ( تیلیفۆنی ) دا ئەم تاوانە پەیوەست دەبێت بە فۆنەتیکی دادوەریانەوە ، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

**٢ . ٢ . ٣. تاوانی زمانیی ( نامەی خۆکوشتن)**

ئەم چەشنە تاوانە تەنها پەیوەندی بەکەسی بکەرەوە نییە بەڵکو بە هۆکار و کەسە دەرەکییەکانەوە هەیە و نامەی بە جێماو دەبێتە هۆی تێوەگلان و ناسینەوەی ئەو هۆکار و هاندەرانەی ، کە تاوانەکەی دروستکردووە ئەم تاوانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ تاوانی ( هاندان) دا تێوەگلاوە ، لەلایەکی ترەوە (٢٠١٣:٢١٧-٢٢٧) Cobain ,K دەڵێت " نامەی خۆکوشتن زۆرکورتە و بە ئاگاییەوەیە ، پڕکرۆکە و خۆلادەرە لە دەرخستنی زانیاریی زۆر ، زۆرجار کەسی خۆکوژ لەئەنجامی نەتوانینی پاراستنی کەسانی دەوروبەرەوە هەڵدەستێت بەم کارە یاخود لە ئەنجامی ڕەشبینی و بێزارییەوە " هەروەها (١٤٩ :٢٠٠٨) Olssen پێی وایە " نامەی خۆکوژی پڕە لە واتای شاراوە و لادەرلە وتنی هەقیقەت و تەمومژ و میتافۆری زۆری تێدایە و نامەی خۆکوژی کەلێنی تێدایە و کامڵ نییە " دوو جۆری هەیە:

١. بەجێهێشتنی نامە لە پێش خۆکوشتندا

٢. وەرگرتنی دانپێدانانی (خوشتن) پێش مردن

لە ڕاستیدا هەندێك لە تێکستەکان ناشێت ١٠٠٪ بە شێوەیەکی فەرهەنگی لێکیانبدەینەوە بەلام هەندێك وشەی وەك ( هەستکردن بە تاوان ) ، ( هەڵخەڵەتاندن ) ، ( ئازاری ویژدان) ، ( بێزاربوون ) ئەمانە بە تەواوەتی فەرهەنگین و دەبەسترێنەوە بە حاڵەتی خۆکوشتنەکەوە هەروەك لە کەیسی(سێ)شدا دەبینرێت هەندێك لەم دەربڕاوانە دەبینرێت (پێم ناخۆشبوو حەزم نەکرد ، داخی تۆ ، دەمویست بیترسێنم ، بوختانەی تۆ ، نە منداڵێکی دامێ ، هەر ئەبێ خۆم بکوژم ..)

**<u>کەیسی ( سێ)</u>**

(( من سکالام لە کەس نییە <u>خۆم</u> <u>خۆم</u> سوتاند بە نەوت .. سەعات (١٢) هەر پیاوەکەم لە ماڵبوو دووساڵە شومکردووە لە حەوشەکە وام لە <u>خۆم</u> کرد <u>خۆم</u> نەوتم کرد بە <u>خۆمدا</u> و <u>خۆم</u> سوتاند ئێوارەکەی لە حەفلەی

براکەم بووم و هیچ کێشەم نییە خۆم عەصەبیم هەر خۆم عەصەبیم ، وتی ئەڕۆمە دەرەوە و وتم نایەڵم وتی ئیشم هەیە هەر لە خۆمەوە پێم ناخۆشبوو حەزم نەکرد بڕوا ... پێش فەترەیەك لە مێشکمی دابوو .... من کێشەم لەگەڵ کەس نییە ، من سکالام لەسەر کەس نییە لە قادرمەکان کەوتمە خوارەوە بە گڕەوە نازانم کێ منی کوژاندەوە ......( لە پاشکۆی قسەکانیدا) وتی هەر ئەڕۆمە دەرەوە چەرخەکەی لێسەندم منیش وتم لە داخی تۆ خۆم ئەسوتێنم وتی خۆت بێعەقڵ مەکە من دەمویست بیترسێنم بەلام لەپڕا کراسەکەم گڕیگرت ... ئەو جوابی نەئەدامەوە و مۆنی کردبوو ))

پاش بەتاڵکردنەوەی نامەی مۆبایلەکەی تاوانلێکراو

(- لەوەتە ژنی تۆم ئەمەیەك نەمتوانی لە دایکتی بشارمەوە ئەو بوختانەی تۆ شێتی کردم چونکە شتی وا لە خۆما شك نابەم ئەگەر دیفاع لە خۆم بکەم عەیب نییە .

- تۆ قورئانت خوارد ، کە ئیتر دوای ئەوەی خەوتیت نەڕۆیتە دەرەوە ئێوارە نانت خوارد و وتت ئەمشەو ناخۆمەوە ، کەچی ئەوەنەت خواردەوە لێت دەڕژا .

- من دوو هۆدە دەدۆزمەوە ئیتر کۆتایی بە هەموو شتێك یەت ئیتر تۆش بگەڕێرەوە بۆ ژیانی زگورتیت وەك کوڕێنی .

- ئەبێ ئەم شەو هەر ئەبێ خۆم بکوژم

- ئەم دنیایە هیچ کات بۆ من نەبووە ئەو خوایە نە منداڵێکی دامێ دڵمی پێخۆشبکەم نەتۆش باشی لەگەڵم ئیتر دنیا کوا بۆ منە .. تا تۆیەیتەوە خۆم دەکوژم )) ە

دەتوانین لە ڕوانگەی زمانییەوە ئەم کەیسە جارێکی تر بونیاد بنێینەوە و ڕێگەکانی زمان کۆمەڵێك نهێنی شاراوەی ئەم کەیسە بخەنەڕوو :

**یەکەم / دروستکردنەوەی دەوروبەر :**

باشترین و سەرەکیترین ڕەگەز بۆ تێگەیشتن لە تێکست شکردنەوەنەی دەوروبەرەکەیەتی ، چونکە دەوروبەر ئاماژە بەو جێگەیە دەدات ، کە گوتەکانی تێدا بەرهەمدەهێنرێت و زۆرێك لە شیکەرەوەکانی وەك Cutting (٢٠٠٢:٢)پێیان وایە ، کە "بەهۆی دەوروبەری ئاخاوتنەوە ناسنامە وەردەگیرێت و دەناسرێتەوە"هەروەها Peccei,S(١٩٩٩), Yule,G.(١٩٩٦) دەربارەی دەوروبەری زمانیی دەڵێن " هەردوو پراگماتیك و شیکردنەوەی دەق هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوەی واتای وشەکان لە دەوروبەردا و بە هۆیەوە ئەو پارچانەی ، کە لە سەرجەمی چیرۆك و گێڕانەوەکە فەوتاون دەدۆزرێنەوە بە واتایەکی تر وشەکان دەکرێن بە زانیاری فیزیکی و کۆمەلایەتی لەهەمانکاتیشدا هۆکاری سایکۆلۆژی یەکانگیردەبێت لەگەڵ کردەی پەیوەندیکردنەکەدا هەروەك چۆن کۆزانیاریی شوێن و کات پەیکاڵدەبن ".

لەم کەیسەدا بۆ دروستکردنەوەی دەوروبەر پشت دەبەسترێت بە گێڕانەوەی قوربانییەکە ( لە حەفلەی براکەم بوین هاتینەوە ، کاژێر ١٢ ی شەو بوو ، لە ماڵی خۆمان بویین ، لە قادرمەکان بە گڕەوە کەوتمە خوارەوە ...هتد) لەمەشەوە دەوروبەر نیشانەیەکی کۆکەرەوەیە ( لێرەدا (حەفلە) ، (ماڵی خۆمان) ، ( قادرمەکان)) ە بۆ نیشانەکراوێك ( قوربانییەکە) لەگەڵ نیشانەبۆکراوێك ( هاوسەرەکەی) و بابەتێك (پاڵپێوەنانە بۆ خۆکوشتن ) لە ڕێگەی ڕێکخستنێکەوە (لێرەدا خۆی لە کات و کار و کاردانەوەی هاوسەرەکەدا دەبینێتەوە دەربارەی تاوانەکە)بەمەش مەبەستێکی شاراوە و بەستنەوەیەك بە کەرەستەکانی تری ئاخاوتنەوە دەناسرێنەوە.

**دووهەم / بەستنەوەی هزریانەی ناوەکان پێکەوە ( ئەنافۆر) :**

١. ئەو نامەیە بۆ کێ نێردراوە لە حاڵەتی وەرگرتنی ئیفادەدا ناوەرۆکی دانپێدانانەکە ئاڕاستەی کێ کراوە

٢. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ( ناو)ەکان وەك کێشەم لەگەڵ کەس نییە ( مێردەکەم ، براکانم ، کەس ) ،

٣. بەستنەوەی لۆژیکیانەی ( ناو) ەکان بەسەرجەم تێکستەکەوە .

٤. ئایا هەڵبژاردنی ئەو ناوانە لە ئەنجامی باوەڕبوون و متمانەپێبوونەوەیە ،

٥. جدیەت و گاڵتەجارییەکان لە تێکستەکاندا چۆن لێکدەدرێنەوە ، ئایا دیوی پۆزەتیڤیان هەیە یان نێگەتیڤیان هەیە پاشان ئەمانە چۆن لەگەڵ پاڵنەرەکاندا دەگونجێن .

٦. مەودای ژیانی نییە لە نێوان ئەو دوو ( نە ) ((نە منداڵێکی دامێ دڵمی پێخۆشبکەم نەتۆش باشی لەگەڵم ئیتر دنیا کوا بۆ منە دا بۆ ئەم کەسە )) ، بۆ خۆکوژەکە نەماوە ، کە سەرچاوەیەکیان خۆڕسکییە و کەسی دەستی تێدا نییە ( منداڵبوون) و دووهەمیان ، کە لە هێزدا وەك سەرچاوەی یەکەمە ( باشی مێردەکەی) .

٧. بەردەوام دووبارەکردنەوەی جێناوی (خۆم) ئەم بەکارهێنانەوە بەردەوامەش هەم بۆ لادانی کەسوکار و کەسانی نزیکییەتی لە کێشە هەم ئەو واتایەش دەگەیەنێت ، کە خۆکوژ بەناو خودێتی خۆیدا داچووە و بەدەر لە بۆشاییەك لە ناو ئەو ( خۆ) یانەدا نابینێتەوە بە جۆرێك ، گەر ( خۆ) بریتی بێت لە ( گیان و جەستە) ئەم یەکێکیانی لەدەستداوە ، کە ( گیان)ەکەیە و لەوەودواش بە گرنگی نازانێت ( جەستە)کە بەردەوامبێت لە ژیان ..

٨. هەروەها قوربانییەکە دەیەوێت لە ڕێی بەستنەوە و ئەنافۆری ( خۆ) بە ( عصبیبونەوە)ەوە خەڵکانێك بپارێزێت لە گرتن لەبەر ئەوە وردە لە هەڵبژاردنی وشەکانیدا کە بریتییە لە (خۆم عەصەبیم خۆم وامکرد کێشەم نییە لەگەڵ کەس ) ، کە ئەو کەسانەش بریتین لە ( برا و کەسوکاری خۆی بەرانبەر هاوسەرەکەی و کەسوکاری هاوسەرەکەی) .

**سێهەم / دابەشبوونی کات**

لەچەند ڕوانگەیەکەوە پارچەکانی کات کۆدەکرێتەوە وەك ڕوانین لە ( کاتە ڕابردووەکان) ئایا قوربانییەکە چۆن لە ڕابردوو دەڕوانێت هەمیشە حەزدەکات لە ڕابردوودا بژی یان ڕابردوو بۆ ئەو پڕە لە ناخۆشی ، ( ئێستا چۆن بە ڕابردووەوە دەبەستێتەوە هەروەها بە چ هۆکارێك ( داهاتوو) لای ئەو شایستەی تێدا ژیان نەماوە ، چونکە گەر کەسێك لە ئێستا و ڕابردوو باش ڕوانبێت ناشێت بەو شێوە ئاسانە لە دەست بدات هەربۆیە لێکدانەوەی ئەرێی و نەرێنی لە( کاتە ڕابردووەکان ) دا لە ڕێگەی ئەو کردارانەی ، کە نوسەری نامەی خۆکوژی بەکاریدەهێنێت یاخود لێدوانی قوربانی خۆکوژی پێش مردنی دەریاندەبڕێت دەبێتە هۆی گواستنەوەی کەیس تاوانەکە لە خۆکوژییەوە بۆ کوشتن لەلایەکی ترەوە ڕیزبەندی ڕووداوەکان و بەشداری کەسەکان تێیدا ڕووکارێکی تری وردەکاری جیاکردنەوەی ( خۆکوشتن)ە لە ( کوشتن) ، بۆنموونە لە هەمان کەیسی پێشوودا :

١. بەردەوام باسی ڕابردوو دەکات و حەزی بە ڕابردووە

٢. ڕابردوو و ئێستا بە شێوەیەکی تراجیدی بەیەکەوە دەبەستێتەوە ،

٣. بە بەستنەوەی ڕابردوو و داهاتوو مەیلی بۆ خۆکوشتن و پاساوی بۆ دەدۆزێتەوە ، هەروەها هەندێك جار ئەم بەستنەوەیە دەبێت بە فریادڕەس بۆ قوتاربوونی تۆمەتبار بە ( هاندان یان پاڵپێوەنان بۆ

خۆکوشتنی کەسەکە) واتە ئەوە دەخرێتە ڕوو ئایا کەسەکە خۆی هەر ڕەشبین بووە یان نا ، چونکە جۆری مەیلەکە و بیرکردنەوەکە جۆری بکوژەکەش دەگۆڕێت زیاتر لەوەش ئەم بەستنەوەیەی کات و ڕێکخستنەوەی پاساوی ئامادەنەبوون ( حجه الغیاب) فەراهام دەکات بۆ کەسی تۆمەتبار وەك ئەوەی لەوێ نەبوبێت یان لەو کاتەدا خەریکی کارێکی تر بووبێت .

## چوارهەم: بونیادنانەوەی گریمانەی پێشینەی سایکۆلۆژی Psychological Presupposition conviction

دەبێت لەم ڕوانگەیەوە لێکدانەوە بۆ هەردوو کەسەکە بکرێت ( تاوانلێکراو و تاوانبار ) ئەمەش لە ڕێگەی بناغەی زانیاریی هاوبەشەوە common groundدەبێت لە نێوان کەسی ( یەکەم و دووهەمدا) بە پێی Stalnaker (١٩٧٨: ٣٢١) " قسەکەر پێی وایە ، کە گوێگرەکانی هوشیارن و ئاگادارن دەربارەی ئەوەی دەیلێت بۆ نموونە کەسی تاوانبار پێشینەی هەیە لە کارکردنی نایاسایی بەمەش هەردوو لایەن لەگەڵ یەکدا کارلێکی ناڕاستەوخۆ و شاراوە دەکەن و گەر ئەم پەیوەندیانەش سەرینەگرت بە جۆرێکی تر ڕێگە دەگیرێتە بەر " .

لێرەدا ( قوربانییەکە ) لێدوانەکانی بۆ پۆلیس بە شێوەیەك دەخاتەڕوو ، کە جەختێکی دووبارەکراوە دەخاتە سەر خۆی و ئەمەش دەبێت ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە بجولێنێت بۆ پرسیارکردن لە ( بۆچی هێندە (جێناوی خۆ) بەکاردەهێنێت ؟ ، چونکە جێناوی ( خۆ) هەروەك : **گۆنا عومەر** ( ٢٠١٣: ٢٥) دەڵێت " ئەم جۆرە جێناوە سەرتۆپ یان تیشکۆی خۆیی دروستدەکات ،کە تیایاندا لە نێوان بکەر و بەرکاردا ئاماژە بەندێتی دروست دەبێت ..."لێرەشەوە گومان دروست دەبێ وەك ئەوەی ئایا ئەمە جێگەی شك نییە ، کە کەسی قوربانی ئاساییانە لێدوانەکەی نادات ؟ وەك ( من خۆم سوتاند و هیچ کەسێکی تر یاردەدەر یان پاڵنەرم نەبووە ) ، بەڵکو لەبری ئەوە چەند جارێك لە چەندین ڕستەی لێدوانەکەیدا بە شێوەیەکی دووبارەی هیچ زانیارییەکی ئەوەندە نادات دەربارەی ڕووداوەکە یان نەرێی پاڵپێوەنەرێك ناکات ،بەڵکو هەموو ڕووداوەکان لە دەوری ( خۆ) دا دەسوڕێتەوە بەڵگەش بۆ ئەمە چەند گریمانەیەکی پێشینە لە ڕستەکانی (( من سکاڵام لە کەس نییە خۆم خۆم سوتاند بە نەوت سەعات (١٢) هەر پیاوەکەم لە ماڵبوو)) ، ((دووساڵە شومکردووە لە حەوشەکە وام لە خۆم کرد خۆم نەوتم کرد بە خۆمدا و خۆم سوتاند))، (( ئێوارەکەی لە حەفلەی براکەم بووم)) و ((هیچ کێشەم نییە خۆم عەصەبیم هەر خۆم عەصەبیم)) دا دەبینرێتەوە ، کە قوربانییەکە دەیەوێت ناڕاستەوخۆ بڵێت ئەو کردەیە کۆمەڵێك کەس تێیدا ڕۆڵی پاڵپێوەنەری ناڕاستەوخۆیان هەبووە ، هەرچەند بکەری داگیرسێنەری ئاگرەکە خۆی بووە **فاروق عمر صدیق** ( ٢٠١٣: ١٤٢) دەربارەی ئەم لایەنەی ( خۆ ) دەڵێت " وشەی خۆ بە سەربەخۆی وەك پارتیکڵ بەکاردەهێنرێت . مەبەست لە بەکارهێنانیشی دڵنیابوون و مانی سنوورێکی دیاریکراو و دەرنەچوون لێی " بە دیوێکی تردا قوربانییەکە ئەوە ڕەتناکاتەوە ، کە کەسانی تر بەرپرسی مردن و خۆکوشتنەکەی ئەمن ، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی مۆرفیمی ( خۆ)ەوە سنورداریيەکی دروستکردووە بۆ پاراستنی ئەوانی دی .

لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا گریمانە پێشینەسایکۆلۆژییەکانی بەم شێوەیە دەبێت :

١. **من سکاڵام لە کەس نییە خۆم خۆم سوتاند** . (+ کەسێك سوتاوە کە سوتاوەکەخۆی بکەری ڕاستەوخۆی کردەکەیەبەهۆی گریمانەی پێشینەی سایکۆلۆژییەوە هاندەری ئەم کردەیە و بکەری ناڕاستەوخۆ لە دەقەکانی کۆتای لێدوانەکەدا دەردەکەوێت)

٢. **هەر پیاوەکەم لە ماڵبوو** . ( هیچ کەسێك جگە لە مێردەکەی لەوێ نەبووە و گریمانەی سایکۆلۆژی : ئەو تاکە کەسی ئاگادار و دەستپێداگەیشتوو بە قوربانییەکەدا بووە )

٣. **دووساڵە شومکردووە لە حەوشەکە وام لە خۆم کرد خۆم نەوتم کرد بە خۆمدا و خۆم سوتاند.**
( گریمانەی سایکۆلۆژی : دوو ساڵ هاوسەرگیری سەرەتای ژیان و خۆشبەختییە ناو هێنانیشی لێرەدا جێگەی لەسەروەستانە ، چونکە دەبێت پرسیاری ئەوە بکرێت ( چۆن بووکی نوێ لەسەرەتای خۆشەبەختییەکانیدا دەگاتە بریاردان لەسەر کوشتنی خۆی ؟ گەر هۆکارێکی دەرەکی ئەم حاڵەتەی نەسازاندبێت ؟) هەروەها تەنها لەم ڕستەیەدا (چوار جار مۆرفیمی (خۆ) بەکارهێناوە) ، کە ئەمەش یەکێکە لە ئەو هۆکارانەی ، کە درۆی پێ دەناسرێتەوە ، کە کەسێك بەردەوام و بە بێ هەڵەکردن هەمان زانیاری دووپاتبکاتەوە بە بێ کرتاندن یان پەڕین و تێکەڵکردن .

٤. **تۆ قورئانت خوارد ، کە ئیتر دوای ئەوەی خەوتیت نەڕۆیتە دەرەوە ئێوارە نانت خوارد و وتت ئەمشەو ناخۆمەوە ، کەچی ئەوەنەت خواردەوە لێت دەڕژا** . ( گریمانەی سایکۆلۆژی : بە ڕێژەی زۆر مێردی قوربانییەکە (خواردنەوەی بێهۆشکەر دەخواتەوە ، قوربانییەکە ڕازی نییە بەم حاڵەتی خواردنەوەیە )

٥. **من دوو هۆدە دەدۆزمەوە ئیتر کۆتایی بە هەموو شتێك یەت ئیتر تۆش بگەڕێرەوە بۆ ژیانی زگورتیت وەك کوڕێنی.**( گریمانەی پێشینەی سایکۆلۆژی : قوربانی خۆشبەخت نییە بە چوونەوە ماڵی باوکی یان ماڵی هەرکەسێکی دی تەنانەت ماڵەکەی خۆشی بۆ ئەم شوێنی مانەوە نییە ، ئەم ڕستەیە هەڵگری دوو گریمانەی سایکۆلۆژی تریشن یەکەمیان ئەوەیە ( مێردەکە) هەست بە لێپرسراوێتی و ماڵداری ناکات دووهەم دەیەوێت ئەم ژیانە هاوسەرگیرییە کەسێك وەك پڕۆژەی هاوبەش لێیناڕوانێت و مەرجەکانی جێبەجێ ناکات، کە لەم بارەدا ( مێردەکەیە) .

٦. **لەوەتە ژنی تۆم ئەمەیەك نەمتوانی لە دایکتی بشارمەوە ئەو بوختانەی تۆ شێتی کردم چونکە شتی وا لە خۆما شك نابەم ئەگەر دیفاع لە خۆم بکەم عەیب نییە** ( گریمانەی پێشینەی سایکۆلۆژی : ١.تاوانێکی ناڕەوا دراوەتە پاڵ قوربانییەکە ٢ . تۆمەتبار کراوە لەسەر داکۆکیکردن لەخۆ ئەمەش هەستی دەرونی نێگێتیفی هەستکردن بە ستەملێکردن دەخاتەڕوو ).

٧. **داخی تۆ خۆم ئەسوتێنم ، ئەو جوابی نەئەدامەوە و مۆنی کردبوو** . ( گریمانەی پێشینەی سایکۆلۆژی : ئازاردانی سایکۆلۆژی ڕوویداوە وەك میکانیزمی فەرامۆشکردنی بوونی کەسایەتی و جێبەجێکردنی میکانیزمی هەستدروستکردنی بەردەوام بە تاوان لەلای قوربانییە guiltily feelلەلایەن مێردەکەیەوە)

بەشێوەیەکی گشتی گریمانەی پیشینەی سایکۆلۆژی سەرجەمی کەیسەکە بەم شێوەیەی لێدێت (تەنها کەسێك لەم کێشەیەدا بەرپرسیار نییە بەڵکو (پەروەردەی خێزانی و پلەی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی کۆمەڵ و دابونەریتی کلتوری ) بەشێکن لە بکەرانی ئەو تاوانە ، چونکە ئەوان دروستکەری ئەو بیرە ڕەشبینییەن ، کە وازهێنان و تەلاقدان گەورەترە لە ژیانی مرۆڤەکان بە تایبەت ئافرەت و چاندنی بیری لەم جۆرە هەر لەسەرەتای منداڵییەوە لە کچاندا و دواتر قواستنەوەی لەلایەن پیاوانەوە و ڕەفتارکردنی نەشیاو و ئازاردانی زمانی Language Abuse و ئازاری جەستەی Body Abuse پێکەوە دەبنە تاوانباری کەیسی لەم چەشنە ئەمەش پەیوەندی کاریگەری زمان لەسەر بیر لەلای مرۆڤەکان دەردەخات. .

دووبارە بوونەوەی ئازاردانی زمانی و هەستکردن بە تاوان و دروستکردنی کێشەلەلایەن مێردەکەوە و دروستبوونی هەستی ستەم و بێ شوێنی و نامۆبوون بە هەموو شوێنەکان لە ناو هزردا گریمانەیەکی ترە بۆ هەنگاونان بۆ وونبوونی کەسایەتی و لوژیکی بوون و لە کاتی ڕووداوەکەشدا ڕووبەڕووبووە لەگەڵ هۆکار و

سەرچاوەی گرفتەکانیدا هەربۆیە پێی وابووە گەر ئاخاوتن و سوێندخواردن هۆکاری تەمێکردن و کۆکردنەوەی ژیانی هاوسەریان نەبێت ئەوا گەورەکردنی کێشەکە بۆ ئازاری جەستەیی ڕەنگە خاڵی هۆشکردنەوەی (مێردەکە) بێت و زەنگی هۆشیاری بێت بۆ تێگەیشتن لە جدییەت و هەقیقەتی کێشەکە بەمەش تاوانەکە تەنها یەك بکەری نییە بەڵکو چەند بکەرێکی هەیە :

أ. قوربانییەکە (بکەری داگرسێنەری ئاگرەکەیە ، کە لە هەمانکاتدا دوا بکەرە واتە دوای هەموو بکەرەکانی تر و لەسەرئەنجامی ڕووداو و کێشەکەدا ئەم هەستاوە بە بەئەنجامدانی سوتاندنەکە دەتوانرێت بچوێنرێت بە گوللەی بەزەیی (طلقة الرحمة )

ب. مێردەکە ( ئازاربەخش و چەوسێنەرەوەی یەکەمی قوربانییەکەیە و هۆکاری سەرەکیی هەرەسهێنانی ژیانی قوربانییەکەیە ، ئەم کارەی ئەم بکەرە ڕەنگە بە ئاگاییەوە بوبێت یان لە نائاگاییەوە ئەنجامدراوە)

ت. ماڵی باوانی قوربانییەکە

پ. کلتووری کوردەواری لەبەر چەندهۆکارێك لەوانە : ( أ. ئافرەت دەبێت پاشکەوتەی مێردەکەی بێت و لێیجیانەبێتەوە و دەبێت بە ئارامبێت ب. ئافرەتی جیابووەوە ( مطلقة) بە چاوی کەمەوە لێیدەڕوانرێت پ. خۆکوشتنی ژنان کلتورێکە و لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا هەیەی بۆیە وەك کۆتا چارەسەر ئەم ڕێگایە ( خۆسوتاندن) دەتوانرێت لەلای ئافرەتان بەکاربهێنرێ ، بەواتایەکی دی ئەم باری خۆسوتاندنە بووەتە یەکێك لە زانیارییە کلتورییەکان و دەشێت لە هزری ئافرەتاندا بچێنرێت )

**٢. ٢. ٤ . تاوانی زمانیی ( بردنی مۆرگی بازرگانی- المارکە المسجلە / Trademark )**

ئەم حاڵەتە خۆی لە بەنایاسای بردن و بەکارهێنانی ( دزین)ی (مۆرگی بازرگانی)دا دەبینێتەوە ، مۆرگی بازرگانی " بریتییە لە هێمایەك ، فرەیزێك یان ناوێك لەلایەن کەسێك یان کۆمپانیایەکەوە بەکارهاتووە بۆ ناولێنانی بەرهەمێك یان بەرهەمهاتوویەك یان خزمەتگوزارییەك و بەهۆیەوە ئەو بەرهەمە لە بەرهەمەکانی تر جیادەکرێتەوە " بۆ زمانی کوردی و کەیسە کوردییەکان نەمانتوانی بەڵگەی ئاشکرا بهێنینەوە ، چونکە بە ناوهێنانی مۆرگەکە سەرجەمی کەیسەکە ئاشکرا دەبوو ئەمەش پێچەوانەی کارە یاساییەکانە بۆیە نەمانتوانی ئەم چەشنە کەرەستەیە دەستەبەربکەین ئەم چەشنە تاوانی دزینی مارکەیە بەدوو ڕێگا لێیدەکۆڵرێتەوە :

ا.دروستەی دەنگی

ب.دروستەی واتا

**أ . دروستەی دەنگی**

ئەم کاتیگۆرییە چەندین تایبەتێتی زمانی دەگرێتەوە لەوانە :

١- لە ناوی وەرگیراو یان دزراو دەکۆڵرێتەوە لە ڕووی ژمارەی دەنگ و پیتەوە و تاچەند ئەو ( پیت و دەنگ) انە لەیەك نزیکن یان دوورن وەك Car Max---- CAR-X ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ، کە دزینی ئەم مۆرگانە لە دوو ڕێگاوە دەبێت

أ. نزیکی لە واتادا Similarity of meaning

ب. نزیکی لە شێوەدا Similarity of look

٢- جۆری دەنگەکان هێندە جیاوازن ، کە وا لە دوو وشەکە بکەن بەتەواوەتی لەیەك جیاببنەوە بۆ نموونە ئایا جۆری دەنگە گۆڕاوەکان لە مارکەکەدا جۆرەکانیان بە چ شێوەیەکن ( ب ـ پ ) لەیەك نزیکن بەڵام لە ( ج)

دوورن و ئەگەر ناوەکە تەنها لە یەك دەنگدا جیاواز بن یان دوو دەنگی دەستەخوشك بن ئەوا ئاسانتر تاوانکردنەکە دەسەلمێنرێت .

٣- تا چەند ئاوەزداری قسەپێکەرانی زمانەکە ئەو دوو مۆرگە لەیەك جیادەکەنەوە بە واتایەکی تر تا چەند ئەندامەکانی هەمان جڤاتی ئاخاوتنی دەتوانن جیاوازی بخەنە نێوان وشە بەکارهاتووەکانەوە ، هەتاوەکو ناسینەوەیان لە ڕێگەی پرۆسەکانی تێگەیشتنەوە ئالۆز و تەمومژاوی بێت ئەوا دزینەکە باشتر جێبەجێکراوە .

٤- ئایا برگە جیاوازەکان بەقەد یەکتر دەردەبڕێن یاخود جیاوازی دەنگەکان بەهۆی نەخوێندنەوەی بڕگەکانەوە وەك یەکیان لێدێت ( ماکدۆنالد : مادۆنالد )

٥- جۆری ڤاولەکان ڕۆڵدەبینن لە دیاریکردنی جیاوازییەکان و بڕی دزین و لاسایکردنەکە بۆ نموونە لە بەرهەمی خاوێنکەرەوەدا ( جێلی قاپشتن) مۆرگە بنەڕەتییەکە ( فێری) یە دواتر کە ساختەکراوە و دزراوە بووە بە( فاوری) ، کە بە ئینگلیزییەکەی بەم شێوەیە ( Fairy : Fairu ) گۆڕینی ئەم ڤاولە وایکردووە ، کە هەردوو بەرهەمەکە تێکەڵبن و لەلایەن کڕیارەوە ، کە لە پرۆسەکردنی زانیارییەکاندا بە شێوەیەکی خێرا نایناسێتەوە و ( فاوری ) کە چەشنە بەرهەمێکی بنەڕەتی نییە لە بازاڕەکانی کوردستاندا دەفرۆشرێت و خەڵکی لە بری ( فێری) دەیکڕن ، چونکە پرۆسەکردنی وێنەکان لە یادگەی هەستیدا هێندە بەخێرای دەڕوات هەردوو ناوەکە هەمان شێوەیان دەبێت بۆیە نایانناسێتەوە هەروەها ( جبسی لیز : لیزا) هەمان زیادکردنی ڤاولە و کڕیار بە ئاسانی تێدەکەوێت لە تێکەڵکردنی ناوەکاندا .

٦- کرتاندن و قرتاندن ڕۆڵیان هەیە لە کاتی خوێندنەوەدا واتە تاچەند جیاوازییەکان بە ئاشکرا دەردەکەون .

**ب . دروستەی واتا**

هەموو بەرهەمێك ، کە لەسەرەتاوە دادەهێنرێت واتە لەوەوپێش نەبووە یان بەو شێوازە بوونی نەبووە و ناوێکی لێدەنرێت ، کە ناوێکی گشتییە ( پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا) لەمەشەوە دەشێت کەسانی تر تایبەتێتی بدەنێ و ناوی دیکەی بۆ بەرهەمبهێنن لە پاڵ ناوە گشتییەکەدا وەك لە ( کۆلا Cola ) دواتر ( بیبسی کۆلا Pepsi Cola ، کۆکاکۆلا Coca Cola ) دروست بووە ، هەروەها ئەم بەکارهێنانە گشتییە پەیوەست بە زمانی کوردییەوە زۆر بەکاردەهێنرێت بەتایبەت بۆ ئەو بەرهەمانەی ، کە یەکەمجار هاتونەتە ناو کۆمەڵگاکەوە وەك ( تاید : بۆ هەموو جۆرە پاودەرێکی جلشتن) ، ( موعجزە : بۆ هەموو جۆرە پاککەرەوەیەکی پەنجەرە و کاشی ) بەڵام کاتێك ناوەکە تایبەت دەکرێت هەر ساختەکارییەك یان هەوڵدانێك بۆ لاسایکردنەوەی دەبێتە هۆی بردنی مارکە وەك (کۆکو کۆلا Coca Cola) هەرچەندە خوێندنەوەکەی لە زمانی کوردیدا جیایدەکاتەوە بەڵام نوسینی ناوەکە بە زمانی ئینگلیزی لە ڕووکارە وێنەییەکەیدا لەیەکدەچن و درکپێکردن و جیاکردنەوەی لە ساتەوەختی کڕیندا ئاسان نییە .

وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا پەیوەندی نێوان ( فۆرم و واتا) لە مۆرگی بازرگانیدا لە پەیوەندییەکی تەواوکەریدان چونکە لە باری ئاساییدا هەموو گۆڕانێك لە فۆرمدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە واتادا بەڵام لەم حاڵەتەی تاواندا کەسی تاوانبار هەوڵدەدات بچوکترین گۆڕانکاری لە فۆرمدا دروستبکات بەڵام بەو مەرجەی هەمان وێنەی هزری و واتای زمانی دروستبکات دیارە ئەمەش لە پێناو بەدەستهێنانی پرفرۆشییە بۆ کەرەستە و کاڵاکانی ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە هەندێك لە بارەکاندا ناو( مۆرگە بازرگانییەکە ) وەك خۆی و بێدەستکاریکردنی فۆرمەکەی دەدزرێت و بەکاردەهێنرێت بەپێی لێکدانەوەکانی (٢٠٠٢: ٣٢) Shuy, R مۆرگی بازرگانی (هێمای بازرگانی ) لە ڕووی بەهێزی و بێهێزیی خواستن و دزینییەوە دەکات بە چەند کاتیگۆرییەکەوە ، کە ئەوانیش بریتین لە :

i. گشتێتی Generic : وەها ناسراوە ، کە پەیوەستە بە گروپێکی گشتگیرەوە وەك نموونەی پێشوو ( کۆلا) کە ناوێکی گشتییە و دەشێت ناوی تایبەتی لەسەر بونیاد بنرێت بۆیە ئەم حاڵەتە دەچێتە بواری خواستن و جۆراوجۆرکردنەوە نەوەك دزیکردن هەروەها ( کۆمپیوتەرComputer) گشتییە بەلاّم (ئەپڵ Apple، ماك Mac) تایبەتن بۆیە بردن لەم حاڵەتەدا دزییە نەك خواستن و بەکارهێنانی گشتی.

ii. پێشنیازکراوێتی Suggestive : ئەم چەشنە ناوە کۆمەڵێك بەکارهێنانی هەیە لەوانە ١. بەکارهێنانی زیاتری بەرهەمێك ٢. پێشنیازە بۆ دروستکردنی بەرهەمی نوێ وەك ( موعجزەی پەنجەرە ، موعجزەی کاشی ، موعجزەی تەباخ...)

iii. پەسنکارێتی Descriptive : ناوێکی دەرخەرە وەسفی چۆنێتی و کوالێتی شتەکان دەکات یاخود وەسفی کارێکتەری بەروبومەکان دەکات هەروەك (١٩٨٤:٤٤٢-٤٤٣)Mc Carthy دەڵێت " مۆرگی پەسنکاری وەسفی بابەت و مەبەستێکی ناوەکی ، ئەرکێك ، بەکارهێنانی شتێك دەکات لە ڕوانگەی قەبارە یان پۆلە ڕەگەزی شمەکەکان هەموو ئەمانەش بۆ ڕوونکردنەوەی جۆرێتی شمەکەکانە یاخود بۆ ئەوەیە کاریگەری لەسەر بەکاربەر دروستبکات "

iv. خەیاڵدارێتی Fanciful : بە پێی پێناسەی ئەم چەشنە ناوە بریتییە لە " وشەیەکی قاڵبدراو یان دروستکراو بۆ دەربڕینی مەبەستێك یان ئەرکێك و ئەو ناوە لەگەڵ ناولێنراوەکەدا پەیوەندی نییە بەڵکو ناوەکە لە دونیای ڕاستەقینەشدا بوونی نییە بۆ نموونە کۆداك KODAK بۆ فۆتۆگراف ، CLORO بۆ خاوێنکاری ، SANKA بۆ قاوە "

**٢ . ٢ . ٥ تاوانی زمانیی ( هەڕەشەکردن)**

کردەیەکی زمانییە ، کە ڕەنگە بە شێوەی ڕاپەڕاندنی ئاشکرا بێت یان ناڕاستەوخۆ وەك کردە قسەییەکان و بەخشکەیی دەربڕین دووجۆرە

**<u>یەکەم</u>** : هەڕەشەکردنی ڕاستەوخۆ کە تاوانی ئاشکرایە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرە بە شێوەیەکی زارەکی ،کە لە ئەنجامدا ترس و تۆقین دروستدەکات وەك لە کەیس ( چوار)دا دەردەکەوێت .

**کەیسی (چوار)**

**أ. سکالاّکار**

(( لەوەو پێش ئەم تۆمەتبارە هاتە داخوازی کچەکەم ( ش) منیش نەمدایێ هاتەسەرم و هەڕەشەی لێکردم منیش شکاتم لێکرد ئەوەبوو کچەکەم بوو بە ژنی دواتر تاوانبارکرا بە دزی من هەرئەوەندەم دەوێت ، کە ڕاستییەکان بڵێ ......و هەڕەشەی لێکردین ، کە ئەمانکوژێت و لە دەرەوە تەقەی لێکردین و دەمانچەی لێڕاکێشاین ... و تی کچەکەت و خۆت و کوڕەکەشت ئەکوژم ))

**ب. شایەت**

(( من ئێستا خێزانی ئەو تاوانبارەم پێش ئەمە هاتە داوام براکەم ڕازی نەبوو و شەوێك هات دەمانچەی پێبوو وتم شوت پێناکەم چونکە کەسوکارم ڕازی نابن وتی خۆم ئەکوژم و ڕۆشت ....دواتر بە دایکم و ئەوانم وت و تەلەفۆنمان بۆکرد بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت ڕازیبکەین وازبهێنێت و دایکم پێی وت ئەوکچەت نادەینێ ئەویش وتی ناترسن بتانکوژم و دوای وتی نا خۆم ئەکوژم ....))

لەم کەیسەدا کردەی قسەیی ( وتی کچەکەت و خۆت و کوڕەکەشت ئەکوژم) لە چەشنی کردەی هەڕەشەی ڕاستەوخۆیە ، کە بکەری هەڕەشەکە بێ پێچانەوە و بە ڕاستەوخۆی مەبەستەکانی خۆی دەربڕیوە و ڕاشکاوانە ترس و تۆقینی وەك هەڵبژاردەیەك خستووەتە بەردەم ئەو کەسانەی لەگەڵیدا خاوەن کێشەن.

کەیسی (پێنج)

أ . سکاڵاکار

(( ئەم تۆمەتبارە ( پ.ر) تەلەفونی بۆ دەکردم و چەند جارێك داوای بینینی لێکردم دواتر لە سەرچنار بینیم لە ناو سەیارەکەیدا ئەو جانتاکەی لێسەندم و موبایلەکەمی برد و کە دابەزیم جانتاکەی فڕێدایە خوارەوە پاش ڕفاندنی مۆبایلەکەم ، کە ژمارەی سیمکارتەکەم و میمۆری و ڕەسمی خۆم و خێزانەکەمی تێدایە و ئێستا هەڕەشەم لێدەکات بەبلاوکردنەوەی ڤیدیۆ و ڕەسمەکان و ئەڵێت لە دادگا سکاڵام لێبکەیت کارێکی وا دەکەم پەشیمانبیت ))

ب . تۆمەتبار

(( ئەم سکاڵاکارە ڕاست ناکات و خۆی تەلەفونی ئەکرد بۆ ئەوەی بەینی من و دەستگیرانەکەم تێکبدات هەتا پێم وت وەرە بۆ سەرچنار و کاتێ هات مۆبایلەکەم لێسەند و پێم وت ئیتر تەلەفون نەکەی بۆ من و من بەهیچ شێوەیەك داوای ماچم لێنەکردووە ))

لەم کەیسەدا (کەیسی پێنج) پێویستمان بە دروستکردنی چێوە یان چیرۆك هەیە ( Script , Frame , Schema) بۆ ناسینەوەی ڕاستییەکان و دەستنیشانکردنی ئەوەی (چۆن کچەکە ئەم کوڕەی ناسیوە و چۆن گەیشتووەتە ناو سەیارەکەی) ئایا بە ویستی خۆی بووە یان نا بۆ ئەمەش دەڵێت " ئەم حاڵەتەش بریتییە لە بەشداری تەرزە گونجاوەکانی زانیاری لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا ، چونکە هەموو کەسێك کاتێك توشی گرفتێك دەبێت هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی دروستەی چێوەیەك لە یادگەدا واتە ئەگەری چۆنێتی ڕوودانی ڕووداوەکان کۆدەکرێنەوە و لە شێوەی چەند چیرۆکێکدا دادەڕێژرێنەوە" .

جگە لە ڕوانین لە دەقی لێکۆڵینەوەکە ، بۆ دیاریکردنی جدیەتی (هەڕەشەکە) و ( هەڕەشەکار ) پێویستە کۆمەڵێك تێبینیمان لەبەرچاو بێت :

١. لێکدانەوەی شێوازی ئاخاوتن ،
٢. هەڵسەنگاندنی کاراکتەر ،
٣. بەستنەوەی زمانی جەستە بە زمانی ئاخاوتنەوە ،
٤. گرنگیدان بە تۆنی دەنگ و لەرزۆکی ،
٥. گرنگیدان بە هەڵبژاردنی وشەکان .

<u>دووهەم</u> : هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ( ئاگادارکردنەوە) : تەنها سەرنج ڕاکێشانە و تاوان نییە ،بەلام بۆ نموونە لە حاڵەتی وەك نوسراوی سەر پاکەتی جگەرەدا ئەگەر نەکرێت تاوانە هەروەها لە نوسراوی ناو ( دەرماندا بەهەمان شێوە پێویستە زیانەکانی دەرمانەکان نوسرابن) بۆ ئەمەش دەبێت هەڕەشە و ئاگادارکردنەوە سەبارەی بە (جگەرە) چەند خاسییەتێکی تێدا بێت لەوانە :

١.ئاگادارکردنەوە لەسەر چۆنێتی و چەندێتی زیانەکانی بەرهەمەکە

٢ .جگەرەکێشان دەبێتە هۆی مردن ، کە دەبێت ئەم نوسراوە چەند لایەنێکی زمانی نوسین و ڕێنووسی تێدا جێبەجێکرابێت لەوانە .

أ. ناوی زیانەکە یاخود توشهاتنەکە بەتەواوەتی بنوسرێت

ب. خەت و هێڵکاری نوسینەکە بە شێوەیەکی زەقکراوە و خوێنراوبێت واتە پیتەکانی گەورەبن،

ت. شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی چۆنێتی خۆ لادان لە مەترسییەکە ،

پ. شیکردنەوەی چارەسەرکردنی توشهاتنەکان بۆ نموونە ئەم حاڵەتە بۆ دەرمان دەبێت وەك ڕێنموونی کردنی چۆنێتی ڕەفتارکردن لەکاتێکدا منداڵێك دەرمانەکە بخوات یان جۆرە دەرمانێك بەرچاو بکەوێت ...هتد)

**٢ . ٢ .٦. تاوانی زمانیی ( ساختەکردن )**

ئەم حاڵەتە تێکدانی ڕاستییەکان و چەواشەکردنی لایەنە فەرمییەکان و خەڵکییە لەسەر هەردوو شێوەکەی زمان:

أ. زمانی ئاخاوتن ، کە شێوەی هەڵخەڵەتان و شایەتی دانی درۆ دەگرێتەوە ( ئەم حاڵەتە لەبەر هاوبەشی و نزیکی لەگەڵ چەواشەکردن و بەلارێدابردندا لەگەڵ تاوانی زمانی درۆکردندا شیکاری بۆدەکەین)

ب. زمانی نوسین خۆی لە گۆڕینی بەڵگەڕەسمییەکاندا دەبینێتەوە وەك ( ساختەکردنی بەڵگە کەسییەکان ، بڕوانامە ، پاسپۆرت ، نوسراوی فەرمی ....هتد) .

**کەیسی ( شەش )**

١.(( وتەی تاوانبار ( م. س. ر) لەدایکبووی ١٩٨٥ پیشەی کرێکار : پاسپۆرتەکەم تەزویرە و من خۆم لە ڕاستیدا ناوم ( م. س . ر) ە ))

٢. (( تۆمەتبار بە نایاسای هاتووەتە ناو کوردستان و ناوی خۆی و وێنەی پاسپۆرتەکەی گۆڕیوە)).

**٢ . ٢ . ٧ . تاوانی زمانیی ( درۆکردن )**

درۆکردن و هەڵخەڵەتاندن کارێکی پێکەوەییە ، بەواتای ئەوەی هیچ کەسێك ناتوانێت درۆ لەگەڵ ئەوانی تردا بکات یان هەڵیانبخەڵەتێنێت بە بێئەوەی کەسەکان خۆیان ڕەزامەندیان لەسەر بێت ، چونکە تەنها وشەکان هێز نادەن بە درۆکردن بەڵکو متمانە و چەمکە نزیکەکانی ئێمەلە کەسی درۆزن وا دەکات باوەڕمان لادروست بکەن و هێزیش بە درۆی هەڵخەڵەتێنەران دەبەخشن .

هەڵخەڵەتاندن دوو چەشنە ( زارەکی و کارەکی ) چەشنی زارەکییەکە تێکەڵدەبێت لەگەڵ درۆکردندا و چەشنی کارەکییەکە لەگەڵ تاوانەکانی ( ساختەکردن و دزینی مۆرگی بازرگانی ..هتد تێکەڵدەبێت) واتە ڕەگەزی سەرەکی جێبەجێبوونی هەندێك لە تاوانەکانی زمانە .

لەڕاستیدا ڕێژەی درۆ بەپێی بوارەکانی دەرکەوتن جیاوازە بۆ نموونە ڕێژەی درۆکردن بەم شێوەیە جیادەکاتەوە ( ٣٧٪ لە تەلەفزیۆندا ، ٢٧٪ لە ڕووبەڕووبوونەوە و کۆبوونەوەکاندایە ، ٢١٪ گفتوگۆی ئەنتەرنێت chat، ١٤٪ لە ئیمەیڵدایە Email ".

کۆمەڵێك نیشانەی زمانی هەن بۆ ناسینەوەی درۆ و درۆزن هەر یەك لەو نیشانانە پەیوەندییان بە ئەو ناوەندی گواستنەوەیە هەیە ، کە کەسی درۆزن بەکاریان دەهێنێت بۆ نموونە ( ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ ، زمانی نوسین نامە و ئینتەرنێت و وتار ، ئاخاوتنی تیلیفۆن ) ، چونکە ئەم چەشنە ناوەندانە جیاوازن لە هۆکارەکانیاندا بۆ نموونە

لە زمانی ئاخاوتنی ڕووبەڕوودا تۆنی دەنگ و پاشو پێشخستنی وشەکان و هێنانەوەی گریمانە و بەهانەی بەیەکداچوو یارمەتی دەری ناسینەوەی کەسانی درۆزنن هەروەها زمانی جەستەش وەك جوڵەی چاو و چرچولۆچی دەموچاو یارمەتیدەردەبێت بۆ ناسینەوەی درۆ لەکاتێکدا لە پەیوەندی تەلەفونیدا ڕێژەی وەستانەوەی قسەکردن و هەناسەدان و بەرزی و نزمی دەنگ پێوەری جیاکردنەوەی درۆ و ڕاستییەکانن لە زمانی ئینتەرنێت و کورتە نامەدا بەکارهێنانی زۆری جێناوەکان و وشە هەستدەربڕەکان و زۆر پرسیارکردن هۆکارەکانی نیشانەکردنی کەسی درۆزنن .

کەیسی ( هەشت ) ژمارەی سکالاکارن (٢٢ کەس) ، ( ئیختلاس)

أ. (( من فەرمانبەرم لە بەڕێوەبەرایەتی (ژ .ك. س) و تۆمەتبارکراوم بە بردنی پارەی ئەو هاولاتیانەی کە لای ئێمە موچە وەردەگرن لەڕاستیدا ئەو ڕۆژەی ، کە پارەکەمان دابەشدەکرد هەندێك لە هاولاتییەکان (٣٠٠٠٠٠) دیناری عێراقیان وەردەگرت و هەندێکی دیکەشیان ( ١٥٠٠٠٠) دیناری عێراقیان وەردەگرت و دوای ڕۆژی مووچە خەڵك جیا بە جیا هاتبوونەوە وتبوویان کەممان وەرگرتووە ، و لە پێشدا هەر لە ڕۆژی دابەشکردنی مووچەدا ( پ. ع . ع ) هات منیش یەکسەر پارەکەم بۆ گەڕاندنەوە لە سەرەتادا پێشم وت دایەگیان ( ١٥٠٠٠٠) دینارت بۆ بەستراوە و دواتر زانیم هەڵەم کردووە و ژمارەکانم لێتێکچووە و من بە ( ت .ص . أ) م وت ، ئەگەر پارە زیادبوو دەتدەینێ من هیچم نەکردووە و هەڵە هەبوو لە دوو جۆری ژمارەی مووچەکاندا "

ب . سکالاکار ( ( ئەو پارەیەی تاوانبار پێی تاوانبارکراوە ( ٣٤٥٠٠٠٠) دیناری عێراقییە و لەلایەن فەرمانبەری ناوبراوەوە براوە و ژمارەی قوربانییەکان (٢٢) کەسن و هیچ کام لەم هاوولاتیانە پارەیان بۆ نەگەڕێنراوەتەوە )

بەمەبەستی شیکردنەوەی ئەم کەیسە وەك تاوانی زمانی لە چەند ڕووکارێکی زمانەوانیی دادوەری و دەروونییەوە شیکاریدەکەین لە گرنگترین ئەو ڕێگا زمانیانەی ، کە چەشنی درۆ و هەڵخەڵەتاندن ئاشکرادەکەن :

**١. داڕشتنەوە Formulating** : ڕێکخستنەوەی ئەو بابەتانەیە ، کە باسکراون پێیان وایە سێ تایبەتێتی سەرەکی بۆ ڕێکخستنەوە هەیە أ. پاراستنی هەندێك لایەن و بابەتی هەڵاوێرکراو ، کە پەیوەندیان بە لایەنی ژێرەوەی زانیارییەکانەوە هەیە وتراون ب. گواستنەوە و بەرێزمانیکردنی بابەتە بنجی و سەرەکییەکان پ. کرتاندنی هەندێك لەبابەتەکانی ، کە لە ڕاستیدا هەن"

**٢. وەرگرتنی پنتی ڕاستی** : لەڕاستیدا هەندێك جار تەنها یەك ڕاستی لە ئاخاوتنەکەدا هەیە ، کەسی درۆزان دەزانێت چۆن سەرجەمی درۆکانی لەو تاکە ڕاستییەوە دەپێچێت بەمەش یاسایی بوونێك بە سەرجەمی بابەتەکەی دەبەخشێت بۆ نموونە لە گێڕانەوەی پارە تاکە ڕاستییەکە و تاوانبار لەڕێگەی ئەوەوە دەیەوێت بڵێت من نیەتی دزینم نەبووە بەبەڵگەی ئەوەی ،کە ( زانیومە ( پ. ع . ع ) هات منیش یەکسەر پارەکەم ) هەڵە هەبووە لە مووچەکەیدا ڕاستەوخۆ گەڕاندوومەتەوە ) و بەمەش کرتاندنی کردووە لە ناوهێنان و نەگێڕانەوەی مووچەی (٢١) کەسەکەی تردا هەروەها بەکارهێنانی وشەی ( یەکسەر) هەڵگری واتای ڕاستەوخۆی و یارینەکردن و دەرخستنی ئیلتیزامە هەربۆیە لەم ڕێگایەوە تۆمەتبار ویستوویەتی ئاخاوتنەکانی و ڕاستییەکان دابڕێژێتەوە .

هەروەها لە دەربڕاوی (هەندێك لە هاولاتییەکان (٣٠٠٠٠٠) دیناری عێراقیان وەردەگرت و هەندێکی دیکەشیان ( ١٥٠٠٠٠) دیناری عێراقیان وەردەگرت ، ژمارەکانم لێتێکچووە ، هەڵە هەبوو لە دوو جۆری ژمارەی مووچەکاندا) تاوانبار هەوڵدەدات پارێزگاری بکات لە کرۆکی بەرگریکردنەکەی و دووبارەی دەکاتەوە بەمەبەستی چەسپاندنی وەك ڕاستییەك .

ئەم حاڵەتە پەیوەندیکردن بە هێڵی گەرمی پۆلیسیش دەگرێتەوە ، کە ئەمانیش وەك بەڵگەی زمانیی لێکدەدرێنەوە و ( ڕابواردن و درۆکردن ) تێیدا دەچێتە بواری تاوانی زمانییەوە و لەم بوارەدا دروستەی پەیوەندی ئیمرجینسی ، کە (پۆلیس)ەکان هەڵدەستن بە وەڵامدانەوەی پێویستە مەشقیانپێبکرێت بەمەبەستی هەڵێنجاندن و دیاریکردنی وردی ئەو تاوانەی ، کە لە ساتەوەختی ڕووداندایە یان پێشتر ڕوویداوە و دواتر کەسێك لە کۆتای ڕووداوەکەدا پەیوەندی بە ئیمێرجنسییەوە دەکات هەر بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە چەند بنەمایەکی سەرەکیی لەبەرچاو بگیرێت بۆ نموونە:

٨ . خزمەتگوزاری : خزمەتگوزاری فریاکەوتنە فەرموو . — کردنەوەی ئاخاوتن Opening

پەیوەندی : ئێئ .....ئێئ

نازانم ... هین .. وابزانم

خزمەتگوزاری : لەسەرخۆ بە هێواشی ، هەوڵبدە لەگەڵ مندا بیت — داواکاری Request

پەیوەندی : باشە، کەسێك هاتووەتە سەرمان و دەرگاکەی شکاندوین

خزمەتگوزاری : کەسەکە پیاوە یان ژن — زنجیرە پرسیار Interrogative Series

پەیوەندی : وا هەستدەدەم پیاو بێت .

خزمەتگوزاری : ماڵی بەڕێزتان لە کوێیە ؟

پەیوەندی : تووی مەلیك / کۆڵانی غەنی

خزمەتگوزاری : ناوی بەڕێزت

پەیوەندی : ڤیان

خزمەتگوزاری : ڕەقەمی دەرگاکەتان چەندە

پەیوەندی : ٣٢

خزمەتگوزاری : دەرگای ژوورەکە لەسەرخۆتان دابخە ، وا فریاکەوتن بە ڕێگەوەن . — ناردنی وەڵامدانەوە Dispatch Response

پەیوەندی : زۆرسوپاس ، خێراکەن .

خزمەتگوزاری : خوات لەگەڵ — داخستنی ئاخاوتن Closing

پەیوەندی : خوات لەگەڵ

پەراوێزەکان

١. کەیسەکان لە ( دادگای تاوانەکان لە سلێمانی ) وەرگیراون و لەبەر لایەنەی نهێنی کەیسەکان نەتوانراوە ناو و هەندێك لایەنی وردی ئاشکراکاری کەیسەکان بخرێنەڕوو .

٢. زمانی یاسا جێگەی تێبینی و لێکدانەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە نەبووە ئەوەندە نەبێت ، کە وەك لایەنی تێوری ودەستنیشانکردنی جێکەوتەی تاوانی زمانی لە زانستی زمانی دادوەریدا دەربارەی ڕوونکردنەوە پێشکەشکراوە .

## ئەنجام

١. زمان ئامرازی پەیوەندییە لەهەمانکاتیشدا ئامرازێکی کاریگەری تاوانکردنە بۆ ئەمەش زمانی کوردیش وەك هەموو زمانەکانی تر دانەی زمانی خۆی هەیە ، کە تاکەکانی دەتوانن دەستیان پیایدابگات و کارە جیاوازەکانی پێئەنجامبدەن لەوانەش تاوانکردن .

٢. زمانی کوردی لە هەریەکێك لە تاوانەکان تایبەتیتی زمانی خۆی هەیە وەك لە ئەنافۆر و بەستنەوەی بکوژ و تاوانکاران بە تاوانەکانیانەوە لە ڕێگەی بەستنەوەی جێناوە لکاوەکان و جێناوە خۆییەکان بە کەسانی بکەری بنەڕەتی تاوانەکان.

٣. دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی تاوانە زمانییەکانی تۆمەتباران لە هەموو زمانەکاندا وەك یەکن ، بەلاْم ئەو کەرەستە زمانییانەی ، کە دەیانگەیەنن لەیەکتریان جیادەکاتەوە و ڕەنگدانەوەی کلتوری ( فرەدەنگی ) چەشن و چونێتی ئەنجامدانی تاوانەکان بە هۆی زمانەوە دەگۆڕێت بۆنموونە تاوانی لەشفرۆشی لە کلتوری کوردی و هاندان بۆی  و دەستپێداگەیشتنی جیاوازە لە کلتورەکانی تری دونیا ، چونکە ئەم تاوانە زیاتر بەهۆی بەخشکەیی و تەمومژیی واتاوە  لە زمانی کوردیدا جێبەجێدەکرێت .

٤. (دەوروبەر ، گریمانەی پێشینەی دەروونیی ) بنەمای سەرەکی بونیادنانەوەی ڕاستی ڕووداوەکانن زمانی کوردیش لەم بوارەدا یەکەی زانیارییە هاوبەشەکانی خۆی لە نێو گروپە کۆمەلاْیەتییەکاندا چالاکدەکات چ بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە بێت یاخود بۆ لێکۆلێنەوە بێت لە تاوانەکە .

٥. کردە قسەییەکان و بەخشکەیی دەربڕین و ئەو کەرەستە زمانییانەی دەیاننوێنن بەشێکی گەورەی تاوانە زمانییەکانیان پێ ئەنجامدەدرێت و زمانی کوردیش زیاتر پەنا دەباتە بەر بەخشکەیی دەربڕین و کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان  ، چونکە  خودی زمانەکە هەلگری تەمومژی و شاراوەی زۆرە هەر لە ڕێگەی جێناوی کەسی سێهەم ، نەبوونی مۆرفێمی نێر و مێ ) هەم کلتورەکەش بەڕووی کێشەکاندا کراوە نییە و زۆر بە شاراوەی و پەنهانی مامەلە لەگەلْ ڕووداوەکانیدا دەکات .

## سەرچاوەکان


١. ئاڤێستا کمال محمود .( ٢٠٠٩) . پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا . مەلْبەندی کوردۆلۆژی .

٢. بکر عمر علی و ئاڤێستا کمال محمود . ( ٢٠٠٩) . گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ( پەیوەندی سیمانتیك و لۆژیك لە ڕستەی کوردیدا ) .( ٢٦) . چاپخانەی زانکۆی سلێمانی .

٣. گۆنا عمر عبداللە .( ٢٠١٣ ) . دروستەی زانیاری لە زمانی کوردیدا . نامەی ماستەر . زانکۆی سلێمانی .

٤. فاروق عمر صدیق ( ٢٠١٣) . گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (ڕەگ و ڕیشەی مۆرفێمی ( خۆ) و ئەرکی لە زماندا ) . ژ.( ٣٨) . چاپخانەی زانکۆ .

٥. فهد بن مبارك العرفج .( ٢٠٠٦) . التحریج علی الجریمه فی الفقه الاسلامی و النظام السعودی (دراسه تاصیلیه تگبیقیه ) . رساله ماجستیر .جامعه نایف العربیه للعلوم الامنیه .

٦. Art & Humanity Council. Forensic Linguistics .

٧. Brown,G.& Yule , G. (١٩٨٩).Discourse Analysis . New York .Cambridge University Press .

٨. Correa ,M.( ٢٠١٣) . Forensic Linguistics : An Introduction of the Intersection and Interaction of Language and Law . Studies about Language.

٩. Coulthard ,M. E. & Johnson , A. ( ٢٠١٠) . The Routledge Handbook of Forensic Linguistics . Taylor & Francis Group .

١٠. Coulthard , M . E. ( ٢٠٠٧) . An Introduction to Forensic Linguistics Language in Evidence . New York.Momeni , N .( ٢٠١١). International journal Criminology and Socialogical Theory ( Forensic Linguistics: A conceptual frame of Bribery with Linguistic and legal . vol( ٤).no.(٢).

١١. Halliday ,M .A& Matthiessem , M . I. (٢٠٠٤). An Introduction to Functional Grammar .UK. Oxford University Press .

١٢. Holt, E. & Johnson , A. ( ) . Socio- Pragmatic aspects of Legal Talk : Police Interview and Trail Discourse .

١٣. McMenamin , G.R.(٢٠٠٢). Forensic Linguistics :Advances in Forensic Stylistics . New york : CRC Press.

١٤. Olsson , J. (٢٠٠٨). Forensic Linguistics . ٢nd ED . London .

١٥. Olsson , J. ( ) What is Forensic Linguistics , Nebraska. Wesleyan University Press.

١٦. Shuy , R.W. (١٩٩٨) . Bureaucratic Language in Government & Business . D.C: Georgetown University Press .

١٧. Shuy . R. W. ( ١٩٩٣). Language Crimes. Black Well Publishers .

١٨. Sujana, E.T.& Fitri, N . ( Kurt Cobain Note Case : Forensic Linguistic Profiling Analysis ).

١٩. Meyer , P. ( ٢٠١٠) . Liespotting : Proven Techniques to Detect Deception . Martin’s press . New York

**الملخص**

**ان هذا البحث ( تحليل الجرائم اللغوية من منظور الادراك اللغوي و القضائي ) يتناول المبادئ اللغوية كوسيلة لتحليل القضايا (الجنائية أو الجنحية) و كما انه يبين كيفية عمل بهذه المبادئ في شرح النصوص اللغوية التي هي بدورها تنتج الجرائم مثل ( التهديد ، التحريض ، الكذب ...الخ) ، ان اساليب التي يقدمها هذا البحث يستفاد منها في العمليات التحري و تداولات القضائية لانه يكشف مالم يتم الفصح عنه جهرا و من الناحية الاخرى انها تربط خفايا القضيا مع بعضها لتكوين قصة متكاملة بين يدي العدالة و تعربف الفاعل و الجاني الحقيقي لهذه الجرائم .**

**يتكون هذا البحث من فصلين ، الفصل الاول يجيب عن تساؤلات النظرية لهذا الفرع من العلم اللغة القضائي و و لتمكين النظريات و مداها العملي قدمنا التراكيب الثلاثية التي بنيت عليها هذا العلم الا وهي اولا: اللغة كاداة وصل بين الاطراف القضائية ( المحامي و الشاهد و الجاني) و ثانيا : لغة القانون حيث يتمحور موضوع هذا المبحث عما اذا كانت اللغة المستخدمة في صياغة القوانين متمكنة و غير قابلة للنقض أم أن فيها هشاشة و ركاكة مع تقصير اللغة في استعاب شمولية الموضوع التي وجد القانون له ، ثالثا : الجرائم اللغوية و يتباحث هذا المبحث التحاليل التي يقدمه علم اللغة القضائي لايجاد الدلائل في ثنايا قضايا التي تكون اللغة فيها الفاصل الوحيد لمعرفة الجاني أما الفصل الثاني فقد خصص لتحليل القضايا الجرائمية بطبائع اللغوية و تم هذا كله عن طريق اتيان بالقضايا من ذلك النوع ثم تحليلها بوسائل علم اللغة خاصة الوسائل (النحوية السايكولوجية و الادراكية و براكماتيكية ) منها.**

Abstract

This research (Language Crimes Analysis in Linguistic Forensic Frame)is detecting the principle of Forensic linguistics to analyse many crimes that accurse by language as ( Threaten , motivating , lying ...), the methods that have been given in this research are helping the court system to do it's work perfectly .

This research divided into two parts, The first one is treating three basic parameters which are ( language as a tool of communication) , ( language of law ) and ( language crimes) , The second part is specialized to discuses many types of language crimes ad analyzing all these kinds of crimes with Forensic linguistics and psycholinguistics and we used all the tool that these linguistics provide especially those which identify criminal or attached clearly to the criminal profile .